زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

کۆلێژی ئاداب/ بەشی راگەیاندن

قۆناغی سێیەم/  بەیانیان - ئێواران

هەڵمەتی راگەیاندن

2023- 2024

**ئامانج لە خوێندنی هەڵمەتی راگەیاندن:**

1- **فێرکردن و ئاشنابوونی قوتابییە بەو ماددەیە.**

2- **پەیدابوونی شارەزاییە لای قوتابیانی بەرێزی بەشی راگەیاندن**

3-**ئاشنا بوون بەو چەمك و ماناو پێناسە و جۆرو تایبەتمەندی و شێوازەکانی و روونکردنەوەی.**

4- **زانین و فێربوونی چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵمەتی راگەیاندنە بۆ قوتابیانی بەرێزی بەشی راگەیاندن.**

**لیستی سەرچاوە: سەرچاوە بنەڕەتیەکان:**


1 – د. محمد منير حجاب، رئيس قسم الاعلام – جامعة سوهاج، ادارة الحملات الانتخابية، طريقك للفوز في الانتخابات، طريقك للفوز في الانتخابات، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع،2007.

2- رستم ابو رستم، محمد أبو جمعة، الدعاية والاعلان، عمان، المعتز للنشر والتوزيع، ،2003.

3- تاليف _ فليب ماريك، ترجمة عبدالحكيم الخزامى، الحملة الاعلامية والتسويق السياسى، الكتاب الجامعى، دار الفجر للنشر، 2012.

4 _د.راسم محمد جمال و د. خيرت معوض عياد، التسويق السياسى والاعلام من خلال تجربة الاصلاح السياسي في مصر،الدار المصرية اللبنانية، 2005.

5- د. عبداللطيف بن دبيان العوفي، جامعة الملك سعود، حملات التوعية الاعلامية الاسس النظرية والاجراءات التطبيقية،جامعة الملك سعود، 2012.

6_د. محمد جياد زين الدين المشهدانى، رئيس قسم العلاقات العامة في الكلية الاعلام، جامعة العراقية، الحملات الاعلانية لشركات الاتصالات المستقبلة.

سەرچاوەی سوودبەخش:

7-إداره الحملات وإعداد الاجتماعات الانتخابيه الناجحة.

8- تنميه القدره على الاتصال الجماهيرى

9- معالجه حالات عمليه الانتخابى گۆڤار و (ئینتەرنێت):------------

# بەشی یەکەم: هەڵمەتی ڕاگەیاندن

## چەمکی هەڵمەتی ڕاگەیاندن:

مانای هەڵمەت (الحملة) لەزمانی عەرەبیدا هەڵمەت بەمانای فشارو زەحمەتی و ماندووبوون و ململانێ دێت. لە (المصباح المنير)دا هاتووە: ژنەکە منداڵەکەی هەڵگرت، ژنەکە دوو گیان بوو، دارەکە بەری گرت و میوەی بەخشی.

هەروەها ووشەی (الحملة) لە مصباح المنير بەمانای شەر و داگیرکردن و هێرش بردن یاخود بەمانای هێرش بردن بۆ سەر دوژمن بە هەموو توانایەکی بەردەست لە توانای مرۆیی و چەك و کەرەستەی شەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی چوونە ژوورەوە و داگیرکردن دێت. لەزمانی ئینگلیزی وشەی campaign بەکارهاتووە. دائیرەی مەعاریفی بەریتانی لەساڵی 1870ز وشەی campaign بەمانای زنجیرە پرۆسەیەکی سەربازی یەك لە دوای یەك چ لەشەردا یان لە بەشێکی شەردا ناودەبات. مانای مەجازی وشەکە هەر هەڵمەتێکی سەربازی، یان مەعنەوی کە لە هەڵمەتی سەربازی بچێت وەکو هەڵمەتی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا بازرگانی دەگرێتەوە.

## مانای گشتی وشەی هەڵمەت (الحملة) بەواتای

- ئەو هەوڵانەی بۆ هەڵمەتەکە دەدرێت هەرەمەکی نییە بەڵکو پلان بۆ دارێژراو و بەردەوامی هەیە، بۆ بەکارهێنانی هەموو توانا هونەری و ماددی و مرۆییەکان.
- بوونی ئامانج لەهەڵمەتەکە: لەهەڵمەتە سەربازییەکاندا ئامانج سەرکەوتنە بەسەر دۆژمندا. لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا بەدەستهێنانی سەرکەوتنە، لە هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان و بازرگانیدا بەدیهێنانی کاریگەریە بەو ئاراستەیەی ئامانجمان بەدی دەهێنێ لە پەیوەندیکردن.

## پێشکەوتن و گەشەسەندنی:

**هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن شوێنێکی گرنگیان داگیر کردووە، لە لێکۆڵینەوە ڕاگەیاندنەکاندا بووەتە مایەی گرنگی پێدانی سیاسەتمەداران و ڕاگەیاندکاران. هەروەها شوێنێکی گەورەی داگیرکردووە لە بواری ڕاگەیاندندا، بە تایبەتی ئەگەر قۆناغەکانی بەرەو پێشەوە چوونی لەبەر چاو بگیرێت. بۆ نموونە کاریگەری هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە قۆناغی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا سنووردار بوو زۆر لەوە کەمتر بوو کە لەڕاگەیاندن چاوەڕوان دەکرا، لە کاریگەرێتی لەسەر وەرگر لە لێکۆڵینەوە بەراییەکان کە لە بارەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجامدرا. لێکۆڵینەوەیەکی ( لازار فیلد ) هەیە لە ساڵی 1948ز لەبارەی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەشاری ئۆهایۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە ساڵی 1940 ئەنجامدرابوو، ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەی دەرخست، خەڵکانێکی کەم ڕای خۆیان گۆڕیوە بەهۆی کاریگەرێتی هەڵمەتەکەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لە ساڵی 1947ز ئەنجامدرا لەبارەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی هەڵمەتەکانی زانیارییەوە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ژمارەیەك لەو هەڵمەتانە کە کاتی خۆی بۆ زیادکردنی زانیاری لەبارەی کاروباری گشتییەوە نەخشە کێشرابوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا کار بەدەستانی هەڵمەتی زانیارییەکان، زانیارییەکانیان ڕاستەوخۆ بڵاو نەکردبووەوە، بەڵکو لەمیانەی سەرکردەکانی ڕا (قادة الرأی) کاریان کردبوو و چەند هۆکارێکی دەروونیان دەستنیشانکردبوو کە ببوونە لەمپەر لە بەرامبەر بە دەستهێنانی ئامانجی ئەو هەڵمەتە. هەر لەبەر ئەمەش لێکۆڵەران کەوتنە ئەو باوەڕەی ئەگەر بیانەوێت هەڵمەتەکان کاریگەرییان لەسەر جەماوەر هەبێت، دەبێت سوود لە کورتەی زانیارییە کەڵەکە بووەکان و داتاکان وەربگیرێت لە لێکۆڵینەوەکانی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندندا، بەجۆرێك لەچوارچێوەی کارێکدا کە کەسانی پەیوەندار و ئەوانەی هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکە دەکەن کۆ بکاتەوە، چونکە ئەو هەڵسەنگاندنەی دواتر ئەنجامدەدرێ کەسانی پەیوەندیدار و ئەوانەی هەڵدەستن بەئەنجامدانی هەڵمەتەکە و هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکە دەگرنە ئەستۆ لێی بەرپرسیاردەبن. هەڵسەنگاندنەکەش ئەوە بەدیاردەخات کە ئایا هۆی کەمتەرخەمی هەڵمەتەکە و سەرنەکەوتن لێی، سەرچاوەکەیە یاخود پەیامەکەیە کە ئاراستە کراوە کەمتەرخەمی تێداکراوە.**

له لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا هەر لەبارەی هەڵمەتی زانیارییەوە کە لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا، هەڵمەتەکە گەورە و فراوان بوو زیاتر لەشەست هەزار لاپەرە بلاّوکرایەوە وەکو هۆشیاری دان بە جەماوەر، ( 2800) ئەندامی رێکخراویش کاریان تێدا کرد. ئەو بەرنامانەی بلاّوکرانەوە زیاتر لە شەست بەرنامەبوو لە هەفتەیەکدا. هەڵمەتەکەش ئاراستەی ئەوانەکرا کە زانیارییان کەم بوو لەبارەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئەو کەسانەش کە هەڵمەتەکەیان ئاراستەکرابوو لە ئافرەت و کەسانی بەتەمەن و چینی هەژارەکان و ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان نزم بوو یاخود نەخوێندەواربوون پێکهاتبوو. دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر هەڵمەتەکەشدا، تەنها لە 02٪ رێژەکە زیادکرا، بەواتای رێژەکە 70٪ بۆ 72٪ بەرزبووەوە (ئەمە دوای هەڵمەتەکە) لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی گرنگییان بە هەڵمەتەکانی راگەیاندن دەدا تێروانینی خۆیانیان هەبوو. به نموونه ( کارت رایت ) کە یەکێك بوو لەوانەی بایەخی بە هەڵمەتەکانی ئەمریکا دەدا چەند خالێکی پێشنیار کرد و بە سوودمەندی دەزانی بۆ سەرکەوتنی هەر هەڵمەتێکی راگەیاندن لە پاشەرۆژدا بەتایبەت ئەگەر جەخت لەسەر پاشەرۆژی جەماوەر بکرێتەوە.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت هەڵمەتەکان کاریگەرییان لەسەر جەماوەری ئایندە هەبێت، دەبێت سوود لەو زانیارییە وەربگرین کە لەسەر لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندن دامەزراوە. هەروەها لەسەر خانەی مەعریفی (الدافعیه والسلوکیه) دواجار بەکاریان بهێنین و ئاراستەیان بکەین بۆ بەرزکردنەوەو بردنە پێشەوەی کرداری ئاراستەکراو.

**هەڵمەت: سود وەرگرتن لە زانیاری هەڵسەنگێنراو + خانەی معرفی = بردنە پێشەوەی کرداری ئاراستە کراو**

رەنگە رایت یەکەم کەس بێت هەوڵی لێکدانەوەی پەیوەندی لە نێوان مەعریفە و پاڵپێوەنەر و هەڵسو کەوت کردبێت لە دیدی هەڵمەتە راگەیاندنەکانەوە.

**بەڵام ( ولبر شرام ) پێیوایە ئەوەی باسی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری دەکات بە مەبەستی گۆڕانکاری کردنی کۆمەڵایەتی دەبێت ئاگاداری ئەو رۆشنبیرییە بێت کە دەیەوێت بیگۆڕێت، ئەو وڵاتانەی شارەزایی فراوانیان هەیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جەماوەری، خەڵك زۆر قسەناکەن لەبارەی ئامرازی پەیوەندییەوە بەقەد ئەوەی باسی هەڵمەتەکان دەکەن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە شەرە گەورەکانی پەرەپێدان و گەشەسەندن بەردەوامە و ناپچرێت ئەنجامەکانیش بەهۆی نامەی پەیوەندی تاکەوە ناگاتە دەست بەڵکو زیاتر ئەو نامانەن کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە و لەرێگەی کەناڵی مەبەستدارەوە دەگەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵمەتەکانی راگەیاندن ئەو نموونەیەیە کە ئەو وەسفەی بەسەردا دەچەسپێت.**

**ئەو هەڵمەتانەی پەیوەستن بە گۆڕینێکی سەردەمیانەی بەشێکی کۆمەڵ پەیوەندی راستەوخۆ بەکاردەهێنن بەهۆی ئامرازی پەیوەندی جەماوەری رووبەروو بۆ گۆڕینی ئەو بەشەی کۆمەڵ. وە زیاتر لە ئامرازێکیش بەکاردەهێنن هەر چەند هەڵمەتەکەش بەرەو پێشەوە بچێت سروشتی نامەکانیش (پەیامەکان) دەگۆڕێت هەروەها ئامرازی جۆراو جۆری دەوێت، یاخود چەند ئامرازێك دەگرێتە خۆ بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکە. بۆ نموونە لە قۆناغێکی پێشوەختدا لەهەڵمەتێك لە هەڵمەتەکان رەنگە رادیۆ زۆر بەسوودبێت بۆ ئەوەی جەماوەر لەپێویستییەکان ئاگاداربکاتەوە. بەڵام لەقۆناغێکی دیکە رەنگە جەخت لەسەر روونکردنەوە یاخود گفتوگۆی رووبەروو بکرێت بۆ یارمەتیدانی ئەو جەماوەرە بۆ ئەوەی بریارەکان وەربگیرێت لەبارەی گۆڕینی پێشنیارێکەوە. بەمجۆرە ئەوانەی پلانیان بۆ هەڵمەتەکە داناوە بیر لە سیستەمی پەیوەندیکردن دەکەنەوە. نەك لە ئامرازەکان.**

**بەریتانیا هەڵمەتی راگەیاندنی بەربڵاوی بەکارهێنا هەموو ئامرازەکانی جێبەجێکردنی بەکارهێنا و لەسەر هەموو ئاستەکاندا جولایەوە لەوانە (دەروونی و سیاسی و ئابووری) لەپێناو ئاشکراکردن و تۆمەتبارکردنی تاوانەکانی ئەڵمانیا لە بەلجیکا، کتێبێکی لەمبارەیەوە بلاوکردەوە کە بۆ سی (30) زمان وەرگێردرا. هەروەها بۆ بەرپەچدانەوەی**

هەڵمەتی ئاراستەکراو لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو هەولأنە رای گشتی ئەمریکی ئامادەکرد بۆ بەشداریکردنی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەو چالاکییانە سەرەتای هەوڵدانێك بوو کە بابەتی هەڵمەتەکانی راگەیاندنی چەسپاندو کردییە چالاکییەکی پەیوەندیکردنی گرنگ لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا.

(ولسن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ساڵی1917ز لێژنەیەك دادەمەزرێنێ لە بنەرەتدا بەمەبەستی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی گەورە لەپێناو بانگەشەکردن بۆ شەر و پێویستی بەشداریکردنی ئەمریکا. رێکخەرانی هەڵمەتەکە پلانیان بۆ ئەمە دانا و هەموو ئامرازێکیان بەکارهێنا. وشەی چاپکراو، سینەما، تەلەگراف، پۆستەر، تابلۆ، هەموو شێوازەکانی گەیاندنیان بە هەموو هاولأتیانی دەوڵەتەکە بەکارهێنا. توانرا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنرێت بەوەی " سەنەدات"یان بۆ پەیدا کردنی پارە بۆ شەر دەفرۆشت، جەماوەریش ئەو سەنەدانەیان دەکری.

لەسەر ئاستێکی دیکەش هەڵمەتەکان رۆڵێکی گەورەیان بینی لە ململانێی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتیدا، لەوانە هەڵمەتەکانی راگەیاندنی رۆژئاوایی دژی عەرەب لەکاتی ململانێی عەرەب و ئیسرائیلدا، کە زۆرجار لەلایەن ئەو دامەزراوانەوە بەرێوە دەچوو کەسەر بە جولەکەکانی رۆژئاوا بوو یاخود لەلایەن دامەزراوە ئیسرائیلییەکانەوە. ئەو هەڵمەتانە هەموو شێوازێك و کەناڵە راگەیاندنە جیا جیاکانی رۆژئاوایان بەکاردەهێنا.

لەسەرەتای هەفتاکانەوە سەرهەڵدانی هەناردەکردنی نەوت لە هەندێ ووڵات دەستی پێکرد، بۆ ئەم بەمەستەش هەڵمەتی راگەیاندن لە ووڵاتە رۆژئاواییەکان سەریهەڵدا، شێوازی هاندانیان بەکارهێنا دژی ئەو ولأتانەی نەوت هەناردە دەکەن، بەتایبەت ولأتە عەرەبییەکان و گوناحی تەنگژەی ئابوورییان دەخستە ئەستۆی ئەو ولأتانە. بۆیە ووڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی ولأتانی کەنداو دەبوایە وەلأمدەرەوەیەکی گونجاو بدەنەوە بۆیە ساڵی 1979ز کتێبێك لەبارەی نەوتەوە بە چەند زمانێك بلأو بووەوە. هەروەها چەند فیلمێك بەرهەمهێنراو کۆڕی تەلەفزیۆنی (ندوات التلفزیونیه) بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدرا. کە مەبەستی روونکردنەوەی ئەنجام و داهاتی نەوت بوو کە بۆ گەشەپێدان

بەکاردەهێنرێت و یارمەتی ولاَتە تازە پێگەیشتووەکان دەدەن، ئەو فیلمانە لە ولاَتە ئەوروپییەکان نیشاندران بۆ راستی هەڵوێستەکان. هەروەها چەند نێردراوی رۆژنامەوانی بانگهێشت کران تا بەچاوی خۆیان ئەو پێشەوەچوونانە ببینن. هەمان شت لەبارەی ئەو پێشکەوتننانە لە راگەیاندنی ولاَتانی رۆژئاوا نیشاندران. رۆژئاوا هەوڵی دەدا تاك و کۆمەڵ لەرێگای تۆرێکی بەربلاَوو گەورەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەهەڵمەتەکانی راگەیاندن رۆژئاوا سوودی لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا وەرگرت و ئامرازەکانی راگەیاندنی بۆ ئەو هەڵمەتە لە دژی عەرەب موسڵمان بەکارهێنا.

لە راپرسییەکدا کە ساڵی 1994 ئەنجامدرا، کە لەگەڵ سی هەزار ئەمریکی چاوپێکەوتن کرا ( رەش پێست و سپی پێست) و ئەوانەی لە بنەچە خەڵکی ئاسیان و لاتینین کەوا 42٪ لەوانە وای بۆ دەچوون کەوا موسلمانان سەر بە ئاینێکن لەگەڵ تیرۆردا نەرمی دەنوێنن و 47٪ وایان دەبینی عەرەب دژی رۆژئاواو ئەمریکان.

ئەم هەڵمەتانە پشتی بە رازیکردن دەبەست. لەکاتی جەنگی ساردا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتدا یەکەمیان ئیدعای ئەوەی دەکرد سەلامەتی رۆح و موڵکی گەلی ئەمریکی دەپارێزی، هەر بەو بیانووەش پارێزگاری لە هاوپەیمانانی دەکرد، ئەم وتەیە بریتییە لە ناوەرۆکی سیاسی ئیقناع پێکردن هانی هەندێ لە گەلان دەدات بڕوای بە بیرۆکەی دەسەلاَتی لیبرالیەت هەبێت تاکو دوژمنایەتی دەسەلاَتی ئیشتراکیەتی پێبکات. لەبەرامبەر ئەمەدا یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی ئیقناع کردنی رای گشتی نێودەوڵەتی دەدا کەوا ئیشتراکیەت شۆرشێکە لە سیستەمی گشتی بۆ بەرێوەبردنی ئابووری. کە ئەمەش رێزگرتنی مافی دامەزراوەکان و کرێکاران و جوتیاران دەپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش کتێب و بلاَوکراوە و وتارو کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکانی بۆ تەرخان دەکرا لە پێناو ئەو هەڵمەتانەدا، بەجۆرێ لە بۆنەکاندا ئامادە دەکرا و دابەشدەکرا، ( لەگەڵ زیادبوونی پشت بەستن بەو ئامرازانە کە لە هەڵمەتەکاندا بەکاردەهات، ئەمە وای لە سیاسەتمەداران دەکرد شارەزاو لێهاتووبن لە بەکارهێنانی ئامانجەکانیان.

له چواریەکی کۆتایی سەدەی رابوردودا، یانی سالآنی نێوان 1970 - 2000 ز، ئاشکرا بوو کەوا هەڵمەتەکانی راگەیاندن رەنگە سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەگەر نەخشەسازی کراو بەپێی ستراتیجی و پێویستییەکانی پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری بەرێوەچوو.

رەنگە ئەوەی ئەدەبیاتی هەڵمەتەکان لەبیری ناکات ئەوە بێت کە لەنێوان 1990-1991ز راگەیاندنی رۆژئاوا پێی هەڵسا لە دژی عێراق لەکاتی رووداوەکانی ئابی 1990 کە داگیرکردنی کوێتی لێکەوتەوەو ئەو رووداوەی بە دوایداهات کە راگەیاندن و سیاسییەکان بە قەیرانی کەنداو ناویانبرد. کۆمپانیای (هیل و نولتون)ی ئەمریکی کە پەیوەندە بە پەیوەندیە گشتییەکانەوە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستپێکرد. لەم هەڵمەتە ناونرا ( لە پێناو کوێتێکی ئازاددا ) لە چالاکییەکانی ئەم هەڵمەتە رازیکردنی کاربەدەستی 13 ویلایەتی ئەمریکی بوو بۆ دیاریکردنی رۆژێك بەناوی (کوێتی ئازادکراو) ، لەئەیلولی 1990 کۆمپانیاکە دەیان هەزار پۆستەر و جلی بلاْوکردەوە کە پشتگیری هەڵمەتەکەی دەکرد. بەلاْم گرنگترین هەوڵی راگەیاندن کە هەڵمەتەکە ئەنجامی دا تیشك خستنە سەر بابەتی (منداڵە ساواکان) بوو، ئەویش سەربازە عیراقییەکان (312) منداڵیان لە دایەنگەکان دەرهێناوەو هێشتویانە ئەو منداڵانە بمرن لەناو نەخۆشخانەکانی کوێت. راستی و ناراستی مردنی ئەو منداڵانە واز لێدەهێنین ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو هەڵمەتەیە کە پەنای بۆ سیاسەتمەدارانی ئەمریکی و سەرکردەکان و کۆنگریسی ئەمریکی و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ بردووە، سەرەرای پشت بەستن بە هەندێ رێکخراوی نێو دەوڵەتی بەتایبەتی ( رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی) بەپشت بەستن بە یاسای نێو دەوڵەتی. هەروەها هەڵمەتەکە کۆنگرەیەکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کۆنگریسی ئەمریکی رێکخست لەژێر چەتری لێژنەی کاروباری دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی پەرلەمانتاران و لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە سەر بە ئەنجومەنی پیرانە، لەوە گرنگتر پەنای بۆ کچێکی کوێتی برد کە پازدە ساڵان بووە بەناوی (**نیرە**) گەواهی ئەوەیدا لەبەردەم ئەندامانی کۆنگریس جەخت لەسەر ئەوە کرا یەوە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی سەربازە عیراقییەکان منداڵەکانیان لە دایەنگەکان دەرهێناوەو هێشتوویانە لەسەر ئەرزەکە بمرن.

## پێناسەی هەڵمەتی راگەیاندن:

هەڵمەتی راگەیاندن: لە چالاکییە پەیوەندییە گرنگەکانە هانی ئەوانە دەدات کە توێژەرن یاخود ئەوانەی گرنگی بە کاروباری پەیوەندییەوە دەدەن پێناسی بکەن و مانا جیاوازەکانی دیاریبکەن. لە گرنگی پێدان و سروشتی پسپۆری و کارەکانیانەوە بۆی دەچن کە هەڵمەتەکە ئەنجامی دەدات، وە ئەو ئامانجانەی کە دەبێت بەدیبهێنرێت لە ئەنجامی رێکخستنیدا سەرەڕای ڕەگەز و خەسڵەتەکانی.

هەندێ نووسەر پێناسەی هەڵمەتی راگەیاندن دەکەن: بەوەی کە بریتییە لە پرۆسەی رازیکردنێکی رێك و گونجاو کە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ئەنجامی دەدەن و روو لە رای گشتی دەکات، هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانج و مەبەست کە دەکرێت تاخمێکی بەربلاو پێی هەڵسێت لە دامەزراوەکان و کۆمەڵە کەسانێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی.

دەتوانین هەڵمەتی راگەیاندن بەوە پێناسەی بکەین: کۆمەڵێ چالاکی پەیوەندیکردنە کە بە وردی و رێك و پێکی دارێژراوە بەشێوەیەکی گونجاو ئامانجی سەرکەوتنیەتی، وە دەکرێت بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ کە دامەزراوەکان و کۆمەڵە کەسەکان پێی هەڵدەستن، بۆ ماوەیەکی کاتی جیاوازە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو و بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیامی راگەیاندنی ئاراستەکراو، بە پشت بەستن بە شێوازی رازیکردنی کاریگەر، روو لە جەماوەرێکی تاراددەیەك زۆر دەکات.

هەڵمەتی راگەیاندن : بریتییە لە پەیوەندی کردنێکی پلان بۆ دانراو و رێك و پێك بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، دام و دەزگاکان یان کۆمەڵ یان تاکە کەسێك پێی هەڵدەستێت، ئەمەش بۆ ماوەیەك درێژە دەکێشێت بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو، بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندنی جۆراو جۆر و زنجیرەیەك پەیامی راگەیاندن یاخود نامەی راگەیاندن بەپشتبەستن بەهۆیەکانی کاریگەر دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە هاوڕا بێت لە گەڵیدا یان دژی بێت وە گەیشتن بە زۆرترین جەماوەر.

هەڵمەتی راگەیاندن: بریتییە لە کۆمەڵێك چارەسەرکاری و ئامادەکاری. وەك: هەڵمەتی رامیاری و هەڵبژاردنەکان و زانیارییە گشتییەکان و راگەیاندن و بەکارهێنانی ئامرازی گەیاندنی جەماوەری لە وولاّتانی گەشەسەندوو یان لە بواری بلاّوکردنەوەی نوێکارییەکان (التجدیدات) و ئامانجی دیاریکراوی دەبێت، پلان دادەنێت لەپێناو بەدیهێنانی و هەڵدەستێت بە چالاکییەکانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، پێدەچێت ماوەکە زۆر کورت و چڕوپڕ بێت، پشت بە چوارچێوەیەکی گشتی بەها یان بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەبەستێت.

**جۆرەکانی هەڵمەتی راگەیاندن:**

## یەکەم: هەڵمەتی راگەیاندن بەپێی پلاندانان:

أ- **هەڵمەتی پلاندارێژراو:** ئەو هەڵمەتەیە کە پێشتر ئامادە کراوە بۆ یادێکی دیاریکراوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، نموونەش بۆ ئەم جۆرە هەڵمەتە، وەك هەڵمەتە تایبەتییەکانی جیهان سەبارەت بە رۆژی ژینگە و رۆژی دایك و منداڵ، هەروەها رۆژی جیهانی وازهێنان لەجگەرەکێشان.

ب- **هەڵمەتی کت و پڕی: (هەڵمەتی نسکۆ):** ئەو هەڵمەتەیە کە گرینگی بە بابەتێکی گڕوتین و دۆزێکی دیاریکراو دەدات سەبارەت بە داپۆشینێکی خێرا... ئەم جۆرە ئەوە ناگەیەنێ رەگەزی پلاندانان و ئامانج. کە دوو رەگەزی سەرەکین و پێویستە لەهەر هەڵمەتێکی را

ت- گەیاندندا هەبن، لێرەدا بوونیان نەبێ، بەڵکو ئەم دوو رەگەزە ( پلان و ئامانج) پاش دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە دێنە ئاراوە.

**دووەم: هەڵمەتی راگەیاندن بەپێی چوارچێوەی جوگرافی:**

أ- **هەڵمەتی ناوخۆیی:** ئەو هەڵمەتەیە کە ئاراستەی شارێك یان زیاتر دەکرێت لە وڵاتێکی دیاریکراودا، بابەتەکانی هەڵمەتەکەش لەو دۆزانە وەردەگیرێن کە پەیوەندییان

بەجەماوەری ئەو شارە هەیە. نموونە بۆ ئەم جۆرە هەڵمەتە، وەك: هەڵمەتی ئاراستەکراو بۆ هاوڵاتیانی شارێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەربارەی پیسبوونی ئاوی شارەکە.

ب- **هەڵمەتی نیشتمانی:** ئەو هەڵمەتەیە کە لە چوارچێوەی ولاتێك ئاراستە دەکرێت، ئەم هەڵمەتە بە زۆری هەموو هاوڵاتیانی ئەو ولاتە دەگرێتەوە، نموونە: هەڵمەتەکانی ساڵی (2005) کە تایبەتبوون بە بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەستوری و گرنگی دەستور لە عیراق.

ج- **هەڵمەتی هەرێمایەتی:** ئەو هەڵمەتەیە کە لەلایەن ولاتێك یان چەند ولاتێك ئاراستەی ولاتێکی تر یان چەند ولاتێك دەکرێت. نموونە: ئەو هەڵمەتە راگەیاندنانەی کە ولاتە موسلمانەکان ئاراستەی ولاتی دانیمارکیان کرد کاتێك کە یەکێك لە رۆژنامەکانی دانیمارك وێنەیەکی کاریکاتێری کەسووکایەتی بە پەیامبەری موسولمانان دەکرد بلاوکردەوە. یان ئەو هەڵمەتە راگەیاندنانەی کە ولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ئاراستەی ولاتانی کەنداویان کردو ناساندیان سەبارەت بە گرنگی رۆڵی ئابووری و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردن و پەرەپێدانیان.

د- **هەڵمەتی جیهانی:** ئەو هەڵمەتەیە کە لەئاستی جیهانی رێکدەخرێت و ئامانجیشی راکێشانی رای گشتی نێو دەوڵەتییە بۆ لای خۆی، بەم جۆرە پەیامەکەی مۆرکێکی گرنگ هەڵدەگرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی نموونە بۆ ئەم جۆرە هەڵمەتە: ئەو هەڵمەتانەی کە رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان پێی هەڵدەستن، هەروەها ئەو هەڵمەتانەی کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی رێکیخست بۆ رازیکردنی رای گشتی نێو دەوڵەتی سەبارەت بە رووخاندنی رژێمی حوکم لە عیراق لە نێوان ساڵانی( 2002-2003).

**سێیەم: هەڵمەتەکانی راگەیاندن لەچوارچێوەی کاتیدا: کە ئەم لقانە لە خۆ دەگرێت.**

**أ- هەڵمەتی درێژخایەن:** ئەم هەڵمەتانە بەدرێژایی ساڵ یان زیاتر بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەك کە دەتوانرێ بگۆردرێت یان هەمواربکرێت  بەپێی پێویستییەکانی قۆناغ  هەروەها هەمیشە توێژینەوەی جیددی لەسەر دەکرێت سەبارەت بە کاریگەری ئەو هەڵمەتانە لەکاتی جێبەجێکردنیان. نموونە بۆ ئەم هەڵمەتانە: ئەو هەڵمەتانەی کە

ڕێکخراوە فەلەستینییەکان ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی ناساندنی دۆزی فەلەستین بە جیهان و پاڵپشتی کردنیان. هەروەها ئەو هەڵمەتانەی کە تایبەتن بە پیسبوونی ژینگە.

**ب - هەڵمەتی کورت خایەن:** ئەو هەڵمەتانەیە کە لەکتوپڕی و بۆ ماوەیەکی کورت دێتە ئاراوە، لەوانەیە ئەم هەڵمەتە بە کۆتا هاتنی ماوەکە ئەویش کۆتایی پێبێت، یان لەوانەیە بە نۆرە بێت، بۆ نموونە: هەڵمەتەکانی هۆشیاری بۆ خۆ پاراستن لە نەخۆشییەکان و هەڵمەتەکانی کوتان (ئیفلیج) دژی نەخۆشییەکانی منداڵ. هەڵمەتی خۆپاراستن لە کۆلێرا.

**چوارەم: هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەرووی بابەتەوە (ناوەرۆك):**

**أ-هەڵمەتی جاردان:** بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی بەردەوام و پلاندارێژراو، ئەم جۆرە هەڵمەتە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، ئەو ئاگادارییەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پیشاندەدرێت یان لە رۆژنامە و گۆڤارەکان یان لەسەر تۆری جیهانی (ئینتەرنێت) بلاّو دەکرێتەوە، ئەوە تەنها راگەیاندن نییە ، بەڵکو بەشێکە لە هەڵمەتی جاردان کە دەرەنجام ئامانجی ئەوەیە بگاتە دەستی بەکاربەر (مستهلك) کەواتە ئەوە تاکە چالاکی نییە یاخود سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە چالاکییەکی تەواو کە دەرژێتە ناو چوارچێوەی هەڵمەتەکە. ئامرازەکانی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتەش بریتین لە: رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و لافیتەی دیوار و نشرات و بلاّوکراوە و تەلەفزیۆن و پۆستەر وێرای بلاّوکردنەوەی ئاگادارییەکان لەسەر تۆری ئینتەرنێت.

**ب - هەڵمەتەکانی گەشەپێدان:** بریتین لەو هەڵمەتانەی کە پەیوەندییان بە بەرنامەی گەشەپێدان هەیە بەتایبەتی لە وڵاتانی گەشە سەندوو، ئەوان کاردەکەن لەپێناو چاکسازی کۆمەلاّیەتی. هەروەها کاردەکەن بۆ هەڵبژاردنی دەنگ و باس و دۆزەکان و بیرو بۆچوونەکان وەك: بەشداربوون لەکێشە کۆمەلاّیەتییەکان لەرێگەی وەبەرهێنانی توانستەکان و ئارەزووەکان لەرووبەروو بوونەوەی دۆزە کۆمەلاّیەتییەکان و دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنیان. هەروەها کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی رای گشتی و خێرا کردن لە پرۆسەی چاکسازی و گۆرانکاری کۆمەلاّیەتی، ئامرازەکانی گەیاندن دەتوانن

ئارەزووەکانی جەماوەر سەبارەت بە زانیارییەکان تێربکەن، هەروەها بەشداری لە پێناسە کردنی واقیع و دەستنیشانکردنی بکەن.

ئەمە لەو هەڵمەتە راگەیاندنانە دەردەکەوێت کە بەرەو لایەنە گەشەسەندووەکانی ناو کۆمەڵگە ئاراستەکراون. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە قەوارەی زانیارییەکان بە تەنها ناتوانێت کاریگەربێت بەڵکو ئەو رێگایەی کە ئەو زانیارییە تایبەتیانە لە بواری سیاسی بڵاوی دەکاتەوە دەتوانێت کاریگەربێت. ئاشکرایە کە زۆربەی خەڵك بەهۆی سەرقالبوونیان بە ژیانی رۆژانەیان پێویستیان بە زانیاری تێرو تەسەل نییە کە تایبەتە بەو کاروبارانەی کە ئەنجامدەدرێن، چونکە بەرامبەر بەوە گوێبیستی هەواڵی ناخۆش دەبن، بەتایبەتی ئەگەر کاریگەری هەبێت لەسەر ژیانیان.

ج - **هەڵمەتی رامیاری (سیاسی)** : ئەم جۆرە هەڵمەتە گرنگترین و ترسناکترین جۆری هەڵمەتەکانە چونکە هەوڵی سەرکردایەتی کردنی رای گشتی دەدات، هەروەها هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر هزرو بیرو بۆچوونەکانیش هەبێت.

هەڵمەتی سیاسی زۆر بە چری ئامرازەکانی راگەیاندن بەکاردێنێت بەمەبەستی پێکهێنانی یان دروستکردنی رای جۆراوجۆر، بێجگە لەمە ئامرازەکانی راگەیاندن ئامرازێکە بەدەستی سیاسەتمەدارانەوە یان بەدەستی ئەو کەسەی کە شوێنیان دەگرێت دەربارەی هەبوونی کاریگەری لەسەر ئاراستەکان (اتجاهات) رای گشتی بەشێوەیەك کە خزمەتی پلانەکەیان بکات. هەروەها ئەو ئیمکانیاتەی کە جیهانگیری عەولەمە بۆ ئامرازەکانی راگەیاندنی نوێ دەیهێنێتە ئاراوە، کاریگەرییەکی سیاسی گەورە دەکاتە سەر تەنگەژەکان و بریاری خۆی بەسەر کارەکانی سیاسەتمەداران دەسەپێنێت، بەو شێوەیە کاریگەری هەڵمەتی رامیاری لە میانەی ئامرازەکانی گەیاندنی نوێ حکومەت ناچار دەکات بریاری ئاڵۆزتر وەربگرن.

بۆیە دەبینین کە هەڵمەتی سیاسی بە بانگەشە دەبەسترێتەوە بەتایبەتی لەرووی ئامانجەکانییەوە، ئەویش بەناردنی پەیامی راگەیاندن بەمەبەستی کارتێکردنیان لەسەر رای کشتی، بۆیە پێی دەگوترێ هەڵمەتی بانگەشەکردن کە پێویستی بە توێژینەوەی واقیعی کۆمەڵگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و دەروونی هەیە، لەپاش ئەوەش

**پێویسته پلانی هەڵمەتەکە لەمیانەی توێژینەوەکانی تایبەت کۆمەڵگە دابرێژرێ، لە دواییدا هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی بوارێکی لەبار بۆ هەڵمەتەکە، ئەویش بە دارشتنی پلانێکی دروست بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن بە لەبەر چاوگرتنی ئەو گۆرانکارییانەی بەسەر هەڵوێستی هەنوکەیی و کۆمەڵە هەڵوێستەکانی ئایندە سەپێنراون بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پێویستە بە زووترین کات وە دەستیان بهێنێت.**

**************

## تایبەتمەندییەکانی هەڵمەتەکانی راگەیاندن:

**مانای دووبارە بوونەوەی پێکهێنان یان ریفۆرم لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هەڵمەتەکانی راگەیاندنە وەکو چالاکییەکی پەیوەندیکردن چ لەسەر ئاستی تاك یان لەسەر ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لەکوێدا مانای هەڵمەتی راگەیاندن هەبوو مانای دووبارە کردنی پێکهاتن دەبێت. مەبەست لە دروستکردن یان پێکهێنان واتا دروستکردن یان پێکهێنانی سەرکردەکردنی نێو کۆمەڵگا بۆ بارێکی باشتر هەندێ لە لێکۆڵەران دان بە دوو مەنهەجی سەرەکی دەنێن وەکو دوو تایبەتمەندی دیاریکراوی هەڵمەتەکانی راگەیاندن:**

**یەکەم: منهج الضبط الاجتماعی: مەنهەجی رێکخستنی کۆمەڵایەتی: لەسەر سێ تەوەر بەندە کە ئەمانەن:**

**أ- التعلیم: فێرکردن: مەبەستی پێشکەشکردنی هەموو زانیارییەك و ئەو رەگەزانەی پەیوەندی بە کێشەکەوە هەیە یان بە بابەتی هەڵمەتەکە وەك (بلاّوکراوە، نامیلکە، پێناسین، پۆستەرات)**

**ب- التدبیر: جەخت کردنەوە لەسەر هەموو ئەو رێنمایی و ئامۆژگارییانەی کەوا یارمەتی خەڵکە کە دەدەن بۆ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ کێشەکە یان بابەتی هەڵمەتەکە بەشێوەیەکی پێویست ( تابلۆکانی رێنمایی و ئاراستە کردنەکان).**

**ج - التعزیز أو التدعیم: بەهێزکردن و پاڵپشتی کردن : لەسەر دەرهێنانی یاساکان و رێنماییەکان بەندە کە جەماوەر پابەند دەکات بۆ هەڵس و کەوت کردنێکی ئەرێنی لەگەڵ کێشەکەدا ( یاسای قەدەغەکردنی جگەرە کێشان لە شوێنە گشتییەکاندا و سەپاندنی باج لەسەر فرۆشتنی توتن).**

ئەم دوو تەوەرەی دوایی تەگبیر و پشتگیری کردنە بەسەر هەموو بوارەکاندا پیادە ناکرێت.

**دووەم: المنهج العلميه:** پرۆگرامی زانستی: بریتییە لە پرۆسەکانی پلانداناں بۆ پەیامەکان و ئامرازەکانی راگەیاندنی گونجاو لەبەر رۆشنایی خاسیەتەکانی جەماوەری مەبەستدار، سەرەرای دانانی پلانی بەرێوەبردنی هەڵمەتەکە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی.

راگەیاندن بووە بە بربرەی پشتی وولاٌتان و دامەزراوەکان و رێکخراوو کۆمپانیاکان و تاکەکانیش. هەروەها راگەیاندن بووەتە شانۆی نێودەوڵەتی بۆ موتوربەکردنی شارستانیەت و بیرۆکەکان لەمیانەی تێکەڵکردنی شۆرشە زانستییەکان وەکو شۆرشی زانیاری و شۆرشی بۆشایی ئاسمان کە سنوورەکان دەبەزێنێ و شۆرشی تێگەیشتن و زاراوەکان و شۆرشی تەکنەلۆژیا. ئەوەش پێویستی بە کردنەوەی رەمز و نهێنییەکانی پێشکەوتنی خێرایە کە روویداوە لە بواری راگەیاندندا. هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ نوێبوونەوەی زانیارییەکان بکەین و بەردەوامی بە توانای تەکنیکی و شارەزایی پەیوەندیکردن و پێشڤەچوونی خودی بدەین.

بەتایبەتی دوای ئەوەی راگەیاندن بووە پشتێنەی گواستنەوەی بیرو زانیاری و بەها کۆمەلاٌیەتییەکان و رۆشنبیری جیاوازەکان و ئارەزووە هەمە جۆرەکان، لەسایەی ئاسان بوونی ئامرازەکانی پەیوەندی و راگەیاندن لە جیهانێکی هەمە جۆرو گۆڕاو وامان بەسەردا دەسەپێنێ کە هونەری هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندنە جیاوازەکان و شێوازە پێشکەوتووەکانیاندا خۆمان رابێنین و بزانین چۆن هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکەین. بەتایبەتی پسپۆرانی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان کە بە سروشتی کارە پیشەییەکەی و وەزیفییەکەی دەبێتە بەشێك لەم جیهانە پێشکەوتووە، کە لەگەڵ جەماوەردا دەبێت و لە ئارەزوو خواستەکانی تێدەگات و کار بۆ داگیرکردنی مێشك دەکات و دڵی خەڵکی رادەکێشێ بۆ بەدیهێنانی بەردەوامی و پەیوەندی جەماوەری. سەرەرای ئەوەی لەراگەیاندنی ئێستادا جۆرێك لە شڵەژاوی هەیە و پەیامە راگەیاندنەکان تا رادەیەك سەرکەوتوونین و هەڵمەتەکانی راگەیاندن و ئاگادارکردنەوە نەرم و شاشن کەچی راگەیاندن بووەتە روویەکی شارستانی، دەوڵەتەکان پشتی پێدەبەستن بۆ خستنەروو و دەرخستنی سەرکەوتنەکانیان.

## پۆلێن کردنی هەڵمەتەکانی راگەیاندن:

### دەتوانین هەڵمەتەکانی راگەیاندن بەپێی پێناسە کردنمان پۆلین بکەین بۆ چەند بەشێك لەوانە:

-1 تفاعل توافقی: هەڵمەتەکانی راگەیاندن بەوە وەسف دەکرێ کە پرۆسەیەکی تەواوە (کامڵە) لەسەر بنەمای ( تفاعل) دادەمەزرێت لەنێوان رەگەزەکانیدا ( نێرەر، نامە، وەرگر) لە ئامانجی دیاریکراو کە بەشداری لە زانیارییەکان و هێماو راو بۆچوونەکان دەکات.

-2 بەرێوەبردنێکی رێکوپێك: سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی راگەیاندن پێویستی بە بەرێوەبردن هەیە پێیەوە بەندە، لەبارەی مەبەستە هەڵبژێرراوەکان بە ئامانج و پەیام و ئامراز و جەماوەر لەگەڵ بوونی هەماهەنگی لەنێوان ئەوەی بەدەست دەهێنرێت، کە دەبێتە مایەی جێبەجێکردنی پلانی هەڵمەتەکە بەسەرکەوتویی، دەبێت چاودێری و هەڵسەنگاندنیشی لەگەڵدابێت بۆ چارەسەرکردنی سستی و چارەسەرکردنی شکست و سەرنەکەوتن و چارەسەرکردنی لادان لە هێڵی هەڵمەتەکە، دوای ئەنجامدانی هەڵمەتەکە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ورد هەیە لەبارەی پێویستییەکانی سەرکەوتن و فەشەل نەهێنانی و تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە و بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی.

-3 چالاکی هەمەجۆر: هەڵمەتی راگەیاندن دامەزراوە گەورەکان رێکی دەخەن، وەکو (حکومەتەکان) یان دامەزراوەکانی راگەیاندن یاخود حزبەکان، یان ئەو کۆمەلاّنەی هەوڵی ئامانجی دیاریکراو دەدەن وەکو کۆمەڵێك بانگەشەی پاراستنی ژینگە دەکەن یان کەسانێکی ناسراو (هونەرمەندان) هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە دەکەن بۆ توشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە. بەلاّم لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت پەنا بۆ ئامرازی پەیوەندیکردن ببەین بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر.

4- دیاریکردنی مەبەست و بابەتەکە: هەموو هەڵمەتێکی راگەیاندن بەپێی بابەتێك رێکدەخرێت. هەر چەند بابەتی هەڵمەتەکە دیاریکراوبێت ئەوەندە ئەوانەی هەڵمەتەکە دەکەن دەتوانن لەهەموو روویەکەوە رومالّی بکەن.

5- کاتی نامە دیاریکراو بێت: دەبێت ماوەی هەڵمەتەکە بە ماوەیەکی زەمەنی دیاری بکرێت لەکاتێکی گریمانەوە دەست پێدەکات کە کەی تەواو دەبێت بۆ ئەوەی دوای بەدیهێنانی ئامانجەکانی رابوەستێت. هەڵمەتەکە دەکرێ ماوەی کورت بێت یان درێژ بێت بەپێی جۆری ئامانجەکان ماوەکەشی دیاریدەکرێت.

6- ئامانجی هەلبژێردراو دادەنرێت بۆ هەڵمەتەکە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکان لەوانە ئامانجی تەکتیکی.

7- جەماوەرێکی هەڵبژێردراو: ئەو جەماوەرە هەڵدەبژێردرێت کە بابەتی هەڵمەتەکە دەیگرێتەوە.

8- ئامرازی پەیوەندیکردنی جۆراوجۆرو هەڵبژێردراو: ئەوەی بە هەڵمەتەکە هەڵدەستێت دەبێت ئەو کەنالأنە دیاری بکات کە بەکاریان دەهێنێت بۆ گواستنەوەی بەرهەمی بیرۆکەکانی بۆ جەماوەر سەبارەت بە بابەتی هەڵمەتەکە.

9- ئەنجامدانی هەڵمەت دەبێت رازیکردن و کارتێکردن بێت: ئەنجامدەری هەڵمەتەکە دەبێت ناوەرۆکەکانی نامەکەی بەشێوازێکی رازیکردن و کاریگەر ئامادەبکات وەرگرەکە بوروژێنێ و سەرنجی رابکێشێ و پالّی پێوەبنێ بۆ هەماهەنگی.

10- لایەنگیریکردن و رەفزکردن: لە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکاندا ئاسان نییە هەمووان لایەنگیری هەڵمەتەکە بکەن، رەنگە هەبێت رازی نەبێت تا لە نێوان ئەوانەی تیایدا کاردەکەن سەنگی نامەکە و سەلامەتی هەڵبژاردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەر چەندێتی جەماوەرەکە کە لایەنگیرن دیاریدەکات، هەروەها ئەوانەش دیاریدەکات کە نارازین.

## رەگەزەکانی هەڵمەتی راگەیاندن:

هەڵمەتی راگەیاندن لەسەر چەند رەگەزێك بەندە دەبێت تەواو بێت و لەگەڵ یەكدا بگونجێت بۆ ئەوەی هەڵمەتی راگەیاندن بگاتە ئامانجی خۆی:

1- بابەتی هەڵمەتەكە: دەبێت بابەتی هەڵمەتەكە كێشەیەك بێت یان رای گشتی مەبەستی بێت و لەبەرژەوەندی میللەتدابێت لە هەمان كاتدا.

2- ئامانجی هەڵمەتەكە: دەبێت ئامانجێكی ئاشكرا و روونی هەبێت و هەر لەسەرەتاوە دیاری كرابێت تاكو لای خوێنەر ئاسان بێت یاخود بینەری ئاسایی تێبینی بكات. چونكە نا روونی ئامانجی هەڵمەتەكە دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی رای گشتی و خوێنەریش یا بینەر قەناعەتی پێناكات.

3- جەماوەری هەڵمەتەكە: زۆر پێویستە دەزگاكانی راگەیاندن سەركەوتووبن لە بەشداریكردنی رای گشتیدا بۆ باوەرهێنان بەكێشەكە یاخود ئەو راوبۆچوونەی دەزگاكە دەری دەبڕێت لە هەڵمەتی راگەیاندنەكەدا، دەبێت وا بكات رای گشتی هەست بە كێشەكە بكات. بەمجۆرە رای گشتی دەبێتە هێزێك گوشاری هەبێت، دەزگاكەش یارمەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەدات كە هەڵمەتەكە لە پێناویدا دەكرێت.

4- هەڵسورێنەری هەڵمەتەكە: ئەو كەسەیە كە هەڵدەستێت بە نەخشەدانانی هەڵمەتەكە، رەنگە تاكە كەسێك بێت یان دەزگایەك بێت. دەبێت جیاوازی بكات لە نێوان هەڵمەتی راگەیاندن و ناوەرۆكێكی دیكەدا كە لەشێوەی زنجیرە بابەت بڵاودەكرێتەوە. چونكە ئەگەر ناوەرۆكی بابەتێك بێت لەشێوەی زنجیرە بابەت بڵاو بكرێتەوە ئەو كاتە ناتوانین پێی بڵێین هەڵمەتی راگەیاندن. زۆربەی هەڵمەتەكان بۆ ئەوە ئامادە دەكرێت و پلانی بۆ دادەنرێت تاكو پێویستییەكانی كۆمەڵگا بۆ ماوەیەكی درێژ بەدی بهێنێ. هەڵمەتەكە ئامرازێكی رومالكردنی راگەیاندنە چونكە حالەتێكی نموونەییە كە گرنگیپێدەدرێت و لەلایەن دەزگاكانی راگەیاندن جەختی لەسەر دەكەن، بۆ ئەم ئامانجانە:

1- بەدیهێنانی زۆرترین رومالی راگەیاندن بۆ جەماوەر.

2- بەرپاكردنی كاریگەری راگەیاندن.

3- جەختكردن و مسۆگەركردن و بەردەوامی ئەم كاریگەرییە بە بەردەوامی لەرێگای دووبارەكردنەوەوە.

**هەنگاوەکانی هەڵمەتەکانی راگەیاندن: هەڵمەتی راگەیاندن پشت بە چەند هەنگاوێك دەبەستێت لەوانەش:**

**یەکەم: لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی داتاکان ( شیکردنەوەی هەڵوێست و دیاریکردنی کێشەکە).**

هەنگاوی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی داتاکان بریتییە لە کۆمەڵێ هۆکارو گۆرانکارییەکان کە کار دەکاتە سەر سەرکەوتنی هەڵمەتی راگەیاندن... لەوانە:

1- شارەزابوون لە جەماوەر بۆ دانانی ئەو نامانەی کە لە گەڵیان دەگونجێت لەرووی بیروباوەری سیاسی لە هەڵمەتەکە ئەویش شارەزابوونە لە جەماوەر و دابەشکردنی بە مەبەستی ئەوەی پێی بگەیت بەپێی دابەشکردنی جوگرافی و دیمۆگرافی و بیروباوەرو هەڵس و کەوتی باوو گۆرانکارییەکانی.

2- زانینی بارودۆخ و هۆکارە ژینگەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و لێکۆڵینەوەیان بۆ زانینی رادەی کاریگەرێتی لەسەر ئەو لایەنەی کە هەڵمەتە ئەنجام دەدات هەروەها ئەو جەماوەرەش کە هەڵمەتەکە مەبەستێتی.

3- سیاسەتی بەرێوەبردنی گشتی بۆ دامەزراوەکان یاخود لایەنی بەرامبەر لەرووی سیاسی و ستراتیژی و خەرج کردن و ئەو کەسانەی کارەکە دەکەن و بەرهەمهێنان.

4- سیاسەتی بانگەشەی تایبەت بە خزمەتگوزاری و بیرۆکە و خەرجی بانگەشە کردنەکە.

5- چالاکییەکانی دیکە وەکو پەیوەندییە گشتییەکان و پروپاگەندە بلاٌوکردنەوە و چالاککردنی فرۆشتن و شتی دیکە.

**دووەم: دیاریکردنی ئامانجەکان:**

ئامانجی بانگەشەکە بەرپاکردنی گۆرانکارییە یاخود راستکردنەوەی بیرۆکەکانە یان ئاراستەکانە و گۆرینیان لەلای زۆربەی وەرگرەکان و هاندانیان بۆ وەرگرتنی هەڵویستێکی نوێی ئەرێنی بێلایەن یان لایەنگیری بیرۆکەکەیە. ئامانجیشی چاکەیەکی روون و ئاشکرا و واقعیانەیە و دەتوانرێ بپێورێت.

**ئامانجی هەڵمەتەکە دەکرێتە چەند بەشێکەوە:**

أ- ئامانجی ستراتیژی: ئەو ئامانجانەیە بۆ ماوەیەکی درێژ کە هەوڵی دروستکردنی بارو دۆخێك دەدات یا پێشبینییەکی دیاریکراوی هەیە کە بەرێوەبەرانی هەڵمەتەکە هەوڵ دەدەن بەدی بهێنن و پارێزگاری لێ بکەن یاخود کار بۆ گۆرینی دەکات یان چاککردنی هەڵس و کەوتێك یاخود گەیاندنی بیرۆکەی دیاریکراو یان راکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ خزمەتگوزارییەکان کە دامەزراوەکە پێشکەشی دەکات.

ب- ئامانجی تەکتیکی (هونەری) : ئەم ئامانجەش بۆ ماوەیەکی کورت خایەنە.

**هەندێ لە لێکۆڵەران ئامانجەکان بەمجۆرە دابەشدەکەن:**

1- ئامانجی گشتی: مەبەست ئەو شێوازەیە، کە مەبەستەکە یان ئامانجە ستراتیژییەکە دادەرێژێت.

2- ئامانجی جێبەجێکردن: بریتییە لەبوارێکی دیاریکراو قابیلی پێوانەیە و چوارچێوەیەکی زەمەنی هەیە بۆ گەیشتن بەم بوارە.

سێیەم: گرنگی ئامانجەکان:

لەبەر گرنگی دیاریکردنی ئامانجەکان پێویستە ئەم ئامانجانە ئەمانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت:

- نەرم و نیانی: واتا توانای چاککردنەوە و گۆرینی هەبێت بەپێی ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردندا بەسەری دێت.
- بابەتیانە: واتا لە سنوری تواناکاندا بیت و داهاتی بەردەستی هەبێت.
- روونی و وردی: واتا دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان لێی تێبگات و دیاریکراو بێت بەشێوەیەك توانای جێ بەجێکردنی هەبێت.

## قۆناغەکانی پلاندانان بۆ هەڵمەتی راگەیاندن:

هەڵمەتی راگەیاندن پرۆسەیەکی پەیوەندی کردنە بۆیە لەکاتی پلاندانانیدا دەبێت چەند هەنگاوێك لەبەرچاو بگیرێت لەپێش هەموویانەوە هەڵمەتەکە وا نەخشەی بۆ دادەنرێت تا

کێشەیەك دەستنیشانبکات و جەماوەرێکی دیاریکراو شیبکاتەوە هەروەها ئامانج دادەنێت و ستراتیژیەتێکی دیاریکراو پێشنیار دەکات لەپێناو گەیشتن بە چاکترین چارەسەرکردن بۆ کێشەیەکی گرنگ قۆناغەکان ئەمانەن:

1- دیاریکردنی کێشەکە.
2- شیکردنەوەی جەماوەر.
3- دیاریکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان.
4- دەستنیشانکردنی بەربەستە ئایینی و سیاسی و یاسایی و مۆراڵییەکان.
5- دیاریکردنی ئامانجی پەیوەندی.
6- پلاندانانی ستراتیژی.
7- بەرهەمهێنانی نامەی پەیوەندی.
8- هەڵبژاردنی پێشوەخت.
9- دەستپێکردنی بەرنامەی هەڵمەتەکە و چاودێریکردنی.
10- هەڵسەنگاندنی هەڵمەتی راگەیاندنەکە.

ئەو قۆناغانەی پلاندانان لە هەڵمەتی راگەیاندندا دەیانبینێت بۆ هەر قۆناغێك بەکورتی دەیخەینەروو.

1- دیاریکردنی کێشەکە: لەسەرەتادا لەبارەی کێشەکەوە زانیاری کۆ دەکرێتەوە هەروەها ئەو بارودۆخەی لەناویەتی ئەویش لەرێگای کۆکردنەوەی زانیاری و رێکخستنیان و شیکردنەوەیان کە بەدەروازەی زانستی دادەنرێت لە پلاندانانی راگەیاندندا تەنها ناردنی زانیاری نییە لەنێرەرەوە بۆ وەرگر وەکو باوە بۆ هەندێ پرۆسەی پەیوەندی ئاسایی بەڵکو پلاندانان هەیە بۆ ناردنی ئەم زانیارییانە. ئەوەش بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت کە نەخشە سازی هەڵمەتی راگەیاندن ئەنجامی دەدات چونکە دوای کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کێشەکەوە ئەوا ئاگاداری هەموو ئەوانە دەبێت کە پەیوەندی پێوە هەیە، دواتر شیکردنەوەی بۆ دەکات و دواجاریش لیستێك بۆ چارەسەرکردنی دادەنێت چونکە چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی بنەرەتی پشت بە جۆری زانیارییەکان دەبەستێت .

لەبارەی هۆکارەکانی، قەبارەی، جۆری جەماوەرە بە ئامانج کراوەکە، ئینجا چەند پێشنیارێك دەکرێت بۆ چارەسەرکردن بەلأم دەبێت چاکترین و گونجاوترین چارەسەر هەڵبژێردرێت کە بە بریارێکی دەستە جەمعی بەو بریارە دەگەن، دەبێت کات و شوێن لەبەرچاو بگیرێت بۆ پیادەکردنی چارەسەرییەکە، چاودێری بەردەوامیش تەرخاندەکرێت بۆ هەڵمەتەکە دواتریش هەڵسەنگاندن دەست پێدەکات.

2- شیکردنەوەی ئەو جەماوەرەی کە مەبەستە: دەبێت شارەزایی تەواو لەسەر جەماوەرەکە هەبێت لەلایەن ئەوانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکە، دەبێ کە رێنمایی بلأو دەکرێتەوە لەبارەی هەڵمەتی راگەیاندنەکەوە لەمیانەی زانینی خەسڵەتی دەروونییەوە وەکو ( ئارەزووەکان، ئاراستەکان، سۆز، پێویستییەکان، خوو نەریت و تایبەتمەندی کۆمەلأیەتی یان ئەو کۆمەڵەی کە کەسەکە پەیوەندی پێوە هەیە وەکو خێزان و هاورێ هەروەها خەسڵەتی دیموگرافی وەکو (رەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون) .

3- دیاریکردنی هۆکاری کۆمەلایەتی و ژینگەیی: ئەوانەی هەڵمەتەکە ئەنجامدەدەن دەبێت شارەزای هۆکارە کۆمەلأیەتی و دەروونی و دیمۆگرافییەکانی جەماوەر بن ئەوانەی هەڵمەتەکەیان ئاراستە دەکرێت. تاکو بزانرێت تا چەند لە ناوەرۆکی هەڵمەتەکە تێدەگەن وە تا چەند سوود لەچارەسەرکردنی کێشەکە وەردەگرن، چونکە ناوەرۆکی هەڵمەتەکە دەبێت گونجاوبێت بۆ تێگەیشتنی جەماوەر لەکێشەکە تاکو جەماوەریش چارەسەرکردنی کێشەکە هەزم بکات، هەروەها بۆ زانینی هۆکارە کۆمەلأیەتییەکان دەبێت بەردەوام لێکۆڵینەوە ئەنجامبدرێت بۆ زانینی ئەمانەی خوارەوە:

1- ئاراستەکانی جەماوەری بەئامانج کراو (لایەنگیر ، بێلایەن ، ئۆپۆزیسیۆن) یاخود ( رازیم، نارازیم، نازانم) .

2- زانیارییەکانی جەماوەرە بە ئامانجکراوەکە.

3- جەماوەرە بە ئامانج کراوەکە ( حەزدەکات، حەزناکات).

4- نەریتی کۆمەلأیەتی کە پەیوەستە بە بابەتی هەڵمەتەکەوە.

5- بەها کۆمەلأیەتییەکان کە پەیوەستە بە هەڵس و کەوتەوە.

6- ئەگەری گۆرینی هەلس و کەوتی هەلە.

7- ڕێککەوتنی جەماوەر و لێکۆڵەر، لەرووی دەرککردن بە کێشەکە.

دەبینین ڕاگەیاندن زۆر لەسەرخۆ کاریگەری دەبێت، بەڵام کاریگەرییەکەی زوو ناروات، بۆیە هەڵمەتی ڕاگەیاندن شەرت نییە لایەنگیری بابەتەکە بکات. یان لە گەڵیدا دەبێت یان ڕووبەرووی دەوەستێتەوە. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا هەڵوێست وەردەگرێت و هەوڵ دەدات جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ تا هەمان هەڵوێستی هەبێ کە ئامانجییەتی.

4- دیاریکردنی کۆسپی ئایینی و سیاسی و یاسایی و مۆراڵی.

پێویستە لەسەر ئەوانەی هەڵمەتی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدەن کۆسپە ئایینی و سیاسی و یاسایی و مۆراڵییەکان دیاریبکەن پێش ئەوەی دەست بە هەڵمەتەکە بکەن . ئەم کۆسپانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر بەرهەم و بڵاوکردنەوەی نامەکانی پەیوەندی دواتر کاریگەرییان دەبێت لەسەر کاری هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکەش.

5- دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندی: ئەوانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن پێویستە لەسەریان ئەو ئامانجانە دیاریبکەن کە مەبەستیانە پێی بگەن، ئەو ڕێگایانەش دەستنیشان بکەن کە بەهۆیەوە دەگەنە ئامانج، وە دەتوانرێ ئەو ئامانجانەش دابەشبکرێ بۆ چەند بەشێك لەوانەش: (ئامانجی دوور مەودا، ئامانجی کورت مەودا) یان دابەشبکرێ بۆ ئامانجی بنەرەتی ، ستراتیژی، ئامانجی لاوەکی، هونەری، گشتی، تایبەتمەند.

6- پلاندانانی ستراتیژی: لەم قۆناغەدا چەند بریارێك دەدرێت لەبارەی هەر یەکە لە نێرەرو سەرچاوەکە و جۆری پەیام و ئەو ئامرازەی هەڵمەتەکەی پێ دەگوازرێتەوە، ژینگەکەی کە هەڵمەتەکی تیادا دەکرێ و ئامانجی پەیوەندیکردن و جەماوەری مەبەستدار (وەرگر). ئەمانە هەموو هەر یەکە و بریارێکی بۆ دەدرێت و پلانی ستراتیژی بۆ دادەنرێت.

7- بەرهەمهێنانی نامەی پەیوەندی: لەم هەنگاوەشدا ئەگەر بەرهەمهێنانی نامەی پەیوەندییەکە گونجاو بوو دەکرێ بە تێچویەکی کەم بۆ وەرگر بنێردرێت، دەشتوانرێ لێرەدا زانیاری و ڕاستییەکانی ئەو پەیامە دەستنیشانبکرێ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێ ناوەرۆکی پەیامەکە ڕوونبکرێتەوە، ئەم هەڵمەتەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ

بەشێکی زۆری کۆمەڵگا دەگۆڕێت بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری .

8-هەڵبژاردنی پێشوەختە: ئەمەش بریتییە لە وەرگرتنی سامپڵێکی پێشوەختە و ئەنجامدانی خوێندنەوەی سەرەتایی و توێژینەوەکان و دیراسەتکردنی و کاردانەوەی کە پێشتر لەسەر ئەو سامپڵە کراوە، بۆ ئەوەی گرێ و ئاڵۆزییەکان روون بکرێتەوە، لە کۆتاییدا بتوانین دەرەنجامی دروست بەدەست بێنین، لێرەدا دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرکەوتنی هەڵمەتی راگەیاندن و بەدەستهێنانی ئامانجەکەی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دەگەرێتەوە، کە هەڵمەتەکە پشتی پێبەستبوو، بەمەش کاریگەری هەڵمەتەکە و هەڵسەنگاندنی زانیاری دەستکەوتوو لە قۆناغی یەکەمی هەڵمەتەکە دەخرێتەروو.

9- سەرەتای بەرنامەی هەڵمەتەکە و چاودێریکردنی: ئەم هەنگاوەش یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان کە یارمەتی سەرکەوتنی هەڵمەتی راگەیاندن دەدات، لێرەدا تەوقیت دانانەوە بۆ سەرەتای هەڵمەتەکە و چاودێریکردنی پاشان تەوقیت دانانەوە بۆ کۆتایی هەڵمەتەکە بە شێوەیەکی گشتی و چاودێریکردنێکی ورد. لەسەر هەڵویستی جەماوەرو جۆری بیرکردنەوەیان و دەرئەنجام و هەڵسەنگاندنی توانای هەڵمەتەکە و کۆتاییەکەی و رادەی کاریگەرێتی.

10-هەڵسەنگاندنی هەڵمەتەکانی راگەیاندن: ئامانج لەکردەی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵمەتی راگەیاندن خۆی دەبینێتەوە لە زانینی رادەی سەرکەوتن و سودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو و دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکان لە داهاتوو.

## بەشی دووەم: هەڵمەتی هەڵبژاردن

### manای هەڵمەتی هەڵبژاردن:

هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەو پرۆسە پرۆپاگەندە رێك و بەردەوام و پلان بۆ دارێژراوەیە بە وردی لەلایەن پاڵێوراو خۆیەوە یان حزب و قەوارە سیاسییەکەوە بۆ بەکارهێنانی هەموو تواناکان و ئامرازەکانی راگەیاندن و شێوازی ئیقناع پێکردن بۆ گەیاندنی نامەیەکی

دیاریکراو (بەیان، یان بەرنامەی هەڵبژاردن) بۆ جەماوەری مەبەستدار (دەنگدەران) و کارکردنە سەر پرۆسەی دەنگدان لەبەرژەوەندی پاڵێوراو یاخود لیستی هەڵبژاردنەکە کە ئەو نوێنەریەتی. هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرکەوتوو پشت بەوە نابەستێت چی لە رۆژی دەنگداندا روودەدات بەڵکو دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و تۆمارکردنی دەنگدەر و رێکخستنی حیزب و ئاگادارکردنی دەنگدەر چۆن دەنگ دەدات و هان بدرێت بۆ پیادەکردنی مافی دەنگدان ئەم کارانە هەمووی ئاماژە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێن دەکات و گرنگی تایبەتی هەیە بە بەرێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە.

هەڵمەتی هەڵبژاردن بەوە پێناسە دەکرێت کەوا :" کۆمەڵە چالاکییەکە کە حیزبێك یا پاڵێوراوێك ئەنجامی دەدات بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر و دەنگدەران لەبارەی پرۆگرام و سیاسەت و ئامانجی خۆیەوە و هەوڵی کارلێکردنیان بەهەموو رێگایەك و ئامرازێك و تواناکانی بەردەست وە لەمیانەی هەموو کەناڵەکانی پەیوەندی و ئیقناع کردنەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران.

بەدەستهێنانی سەرکەوتنی هەڵمەتی هەڵبژاردنیش پێویستی بەم رەگەزانەی خوارەوە هەیە:

- بوونی نوێنەر (مرشح) و هەیکەلی ئیداری بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن.
- پلانی ئامادەکراوی پێشینە بۆ کۆکردنەوەی توانای هونەری و ماددی و مرۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو لەکاتی دیاریکراو.
- ناوەرۆك: کەپێکهاتووە لە پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن ، دروشمەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و بەرنامە و راگەیەنراوی هەڵبژاردن کە بەرنامە بۆ دارێژراوە، تێروانینی پاڵێوراو و حزبەکەی .
- شێوازی دەربرینی جیاواز، وتاردان وهەواڵ و فیلم و بڵاوکراوەو راگەیەنراوەکان.
- ئاراستەکردنی پەیامی راگەیاندن وەك ستراتیژیەتی ماوە بۆ دانراو. ( مەبەست کاتی هەڵمەتەکەیە).
- بەکارهێنانی شێوازی رازیکردنی جەماوەرو دەربرینی جیاواز بۆ قەناعەت پێکردنیان .

- ئامراز: بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن، بەهەموو جۆرەکانییەوە.
- جەماوەر: هەبوونی جەماوەری دەنگدەر یەکێکە لەرەگەزەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن.
- ئامانج: هەبوونی کاریگەری لەسەر دەنگدەر بۆ دەنگدان بەو لیستەی کە لایەنێك مەبەستیەتی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا.

## شێوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن:

## چەند شێوەیەك هەیە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن لەوانە:

1-سەرەتایەکی بەهێز و کەمکردنی (تەدریجی): ئەوەیە هەڵمەتەکە بە سەرەتایەکی گەورەوە بە پلەیەکی چڕ لە بلاوبوونەوە دەست پێبکات بۆ بەدیهێنانی رومالێکی گەورە و کاریگەری بەهێز دواتر بەرە بەرە پاشەکشێ بکات یانی کەم بکرێتەوە. تا دەگاتە رادەیەکی دیاریکراو رادەوەستێت کە تیایدا دووبارە بوونەوە و رومالکردن رادەوەستێت.

2-سەرەتایەکی دیاریکراو و بەرە بەرە زیاد کردن:

ئەمە پێچەوانەی شێوەی یەکەمە کە بە کەرەستە و ئامرازی دیاریکراو دەست پێدەکات دواجار بەرە بەرە زیاد دەکات لە رومالکردن و دووبارە کردنەوە دەست بە بلاوکردنەوە و فراوانکردن دەکات تا لە رادەیەکی دیاریکراو رادەوەستێت.

3-هاوسەنگی ئەمە ئەو شێوەیەیە کە چەندێتی بابەتی راگەیاندن لە رۆژنامەکان و گۆڤارەکان و تەلەفزیۆنەکاندا یاخود رادیۆکاندا وەکو یەك دەبن لەماوەی هەڵمەتەکەدا.

4-گۆرینەوە لە دروستکردنی کاریگەری راگەیاندن: کاتێك دەسپێکی هەڵمەتەکە دەسپێکێکی بەهێزبێت دواجار کەمببێتەوە دواتر جارێکی دیکە بەهێز بێتەوە هەمدیس کەم بێتەوە بەپێی پلانێکی دانراو بۆ ئەم شێوەیە بەمەبەستی جەختکردنەوەو چرکردنەوە لەکاتی دیاریکراودا بەمەرجێ هەڵمەتەکە بەردەوام بێت بەبێ پچران و رومالکردنیش بەردەوام بێت بەدرێژایی ماوەی هەڵمەتەکە بەژمارەیەکی زۆری ئامرازەکانی راگەیاندن و هەڵسەنگاندنی بەردەوامیش بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بکرێت.

## گرنگترین جۆرەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان:

1-هەڵمەتی پەیوەندی راستەوخۆ: هەڵمەتی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ ئەم هەڵمەتانە بەردەوام دەبن لەگەڵ دەنگداندا لە بازنەی هەڵبژاردنەکەدا لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆ کە کار دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی توند و تۆڵ لە نێوان پاڵێوراو و دەنگدەراندا. بروا بە یەککردن دروست دەکات و پەیوەندی توند و تۆڵ دەکات لەنێوان پاڵێوراو و دەنگدەراندا. بۆ ئەمەش جۆری پەیوەندی جۆراو جۆر بەکاردەبرێت وەکو قسەکردنی رووبەروو. یەکتر بینینی راستەوخۆ و چاوپێکەوتن کۆر و کۆنگرە و ئاهەنگ و داوەتکردن هەروەها لە رێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دەنگدەران. یان لە میانەی پیتاك کۆکردنەوە بۆ دەست کورت و هەژاران و دروستکردنی قوتابخانە و چاککردنی رێگا و بانەکان و دامەزراندنی پرۆژە. جۆرێکی دیکەی پەیوەندی هەیە ئەویش بەهۆی هونەرمەندان و کەسایەتییە بەناوبانگەکانەوە، بۆ پروپاگەندە و بانگەشە.

2-هەڵمەتی راگەیاندن: ئەم هەڵمەتانە ئامانجی پاڵێوراو بەدی دەهێنێ لەمیانەی جەختکردن لەسەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی بۆ گەیشتن بە دەنگدەران کە بریتییە لە ئامادەکردن و نەخشەدانان و جێبەجێکردنی چاپەمەنی راگەیاندن وەکو بلاوکەرەوە و پۆستەر و کتێبی بچووك و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەواڵ و داتاکان و ئەو قسانەی بۆ رۆژنامەکان دەکرێن و بەرنامەی بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی جەماوەری و رۆژنامە و رادیۆو تەلەفزیۆن.

3-هەڵمەتی ئەلیکترۆنی: تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی بەکاردەبرێت بۆ پاڵپشتی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پاڵێوراو. لەرێگای دامەزراندنی مەوقعی ئەلیکترۆنی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پاڵێوراو. لەرێگای لیستی پۆستی ئەلکترۆنییەوە کە رۆڵی گرنگ دەبینێ لە گەیاندنی نامەی پاڵێوراو بۆ دەنگدەران. دەبێت ناونیشانێکی ئاسانی هەبێت و لە چاپەمەنییەکاندا ئیعلانی بۆ بکرێت ئەو چاپەمەنیانەی تایبەتن بە پاڵێوراوەکە. هەروەها لەرێگای ئامرازەکانی راگەیاندنەوە هەروەها لە سایتەکانی دیکە ئیعلانی ئەو سایتە بکرێت. هەروەها بەکارهێنانی نامەی sms کە پاڵێوراوان دەتوانن دەیان نامە رۆژانە بە دەنگدەران بگەیەنن.

4-هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە: بۆ کاراکردنی بەکارهێنانی ئاگاداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا نەخشەی دەکێشرێت. ئاگاداری یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکان بۆ پێناسینی کەسایەتی حزب و نامەی هەڵبژاردنەکەی و قوڵکردنەوەی وێنەی زیهنی لەبارەی پاڵێوراوانەوە. ئاگادار گەلێ ئامرازی دیکە بەکاردەبات کە هەمووی بەشداری لەوە دەکەن چۆن بە دەنگدەر بگەن لە هەر کوێیەك بێت هەر لە لافیتەی قوماشەوە و ئاگاداری بۆ پۆستەرو ئاگاداری چاپکراو لەسەر شێوەی بلاَوکراوەیەك و ئاگادارییەکانی رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن، هەروەها ئاگاداری لە رێگای تۆری ئینتەرنێتەوە. ئاگاداری بریتییە لە وێنە و زانیاری سەبارەت بە پاڵێوراو و کەسایەتییە حیزبییەکان لەوانەشە هەندێ لە بەرنامەی حیزبەکە و گەواهی دانی ئەوانەی بەناوبانگن بۆ قازانجی پاڵێوراو یا حیزبی بەکاربرێت.

5-هەڵمەتی جەماوەری نوخبە (هەڵبژاردە): ئەو هەڵمەتەیە لەسەر بنەمای ئاراستەکردن بۆ تاخمی هەڵبژێراو (نوخبە) لە دەنگدەران دەکرێنە مەبەست بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگەکانیان. ئەمە پشت بەوە دەبەستێت پاڵێوراو پێویستییەکانی ئەم دەستەیە بزانێت داوا سەرەکییەکانی چین. وەکو ژن و گەنجی رۆشنبیر و خاوەن پیشەوەر و پیاوانی کار ( رجل اعمال).

6-هەڵمەتی بانگەشە: ئەمە لە بنەرەتدا روو لە دەنگدەران دەکات ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنن، تا کار بکرێتە سەریان و وایان لێبکەن دەنگ بە پاڵێوراوانی مونافیس نەدات، ئەویش لە رێگای گفتوگۆکردنی بەرنامەکەیان و دەرخستنی کەم و کوری و کەمتەرخەمییەکانیان و ئەو بەڵێنە گران و قورسانەی بە خەڵکی دەدەن یاخود جەخت بکرێتە سەر هەڵوێستی نەگونجاو و خراپی پاڵێوراوی مونافسی لە رێگای هەڵسوکەوت و رابوردویانەوە.

7-هەڵمەتی پرۆگرامەکانی هەڵبژاردن: ئەم هەڵمەتانە رەنگدانەوەی راوبۆچوونی پاڵێوراوە یان حیزبە بەرامبەر کێشە سیاسییەکان و ئابورییەکان و کۆمەلاَیەتییەکان و رۆشنبیرییەکان بەرنامەی حیزبەکانی ترو جیاوازییەکانی دەردەخات. ئەم بەرنامەیە ئاراستەیەکی ئایینی یاخود بیروباوەری وەردەگرێت بۆ سوود وەرگرتن لەکاریگەرێتی ئایین لەسەر ناخی دەنگدەران.

## ئامرازەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن:

له ئامرازەكانی پەیوەندی كە لە بەردەستدایە لە كۆمەڵگا خۆجێییەكانماندا:

1- پەیوەندی راستەوخۆ (كەسێتی) ئەوە پرۆسەی پەیوەندیكردنە لە نێوان تاكێك و تاكێكی دیكەدا روودەدات لەسەر بنەمای رووبەروو و راستەوخۆ یەكتر بینین، یانی پرۆسەی ئاڵ و گۆری بیرۆكە و زانیارییەكان و هەواڵەكانە لە نێوان كەسانێكدا بەبێ هیچ كەناڵێكەوە، لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا یەكێ لە تاكەكان رۆڵی نێرەر وەردەگرێت ئەویدیكە رۆڵی وەرگر. پەیوەندی كەسێتی بەهێزترین پەیوەندییە چونكە رووبەرووی یەك دەبنەوە گرنگی بە لێكۆڵینەوەی كاریگەری سیاسی دەدات بەشێوەیەكی تایبەتی لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنەكاندا، هەروەها راستییە نوێیەكانی ئەو رۆڵە ئاشكرا دەكرێت كە پەیوەندی كەسێتی دەیبینێ لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا هەروەها گرنگی رۆڵی كۆمەڵ دەردەخات لە میانەی كارتێكردنی لەسەر ئەندامەكانی پەیوەندی كەسێتییە وە پەیوەندی بە كۆمەڵ لە وتاردانددا دەردەكەوێت كە وتاربێژ لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر دا كۆدەبێتەوە و قسەیان بۆ دەكات.

2- پەیوەندی جەماوەری: ئەوە لە رێگای ئامرازەكانی پەیوەندییەوە بەرێوەدەچێت، وەكو رادیۆ، تەلەفزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، كتێبی رۆشنبیری گشتی، پێشانگاكان و ڤیستیڤاڵەكان كە بۆ هەموو تاكێكی جەماوەرە، وشەی جەماوەری یانی كۆمەڵێكی زۆری خەڵكی لە بوارەكانی ژیان و لە چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگاوە دێن. ئەم كۆمەڵە بریتییە لە تاكەكان كە لە ئەرك و رۆشنبیرییان جیاوازن ئەمانە لەرووی ماددییەوە هاوبەش نین وە رێك نەخراون وەكو دەستەیەك بەشێوەیەكی كاریگەر كاربكەن.

**پاڵێوراوی سیاسی دەتوانێت لافیتە و هەڵواسراوی دیكە بەكاربهێنێت بۆ مەبەستی چەند ئامانجێك لەوانە:**

1- پێشكەشكردنی دروشمی پاڵێوراوی سیاسی و خۆناساندن بە دەنگدەران.

2- پێناسەكردن بە رەمزی هەڵبژاردنی پاڵێوراوەكە .

3- هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكان.

4- پێناسینی دەنگدەران بەو لایەنگیرکردنەی پاڵێوراوەکە هەیەتی لەلایەن دەستە و تاقمەکانەوە، هەندێ لافیتە ناوی لایەنگرانی پاڵێوراوەکەی لەسەرە لەچەند شوێنێکیش هەڵدەواسرێت.

5- لایەنەکانی بازنەی هەڵبژاردن وانیشان دەدات کەوا پاڵێوراوەکە شەعبیەتی زۆرە.

6- وەبیرهێنانەوەی دەنگدەران لەو کاتانەی پێش دەنگدان بەناوو وێنەی پاڵێوراوەکە .

## نهێنییەکانی سەرکەوتن لەپرۆسەی هەلبژاردندا:

ئامانج لە هەلبژاردن بەدیهینانی گۆرانکاریە لە کۆمەلگادا بەشیوازیکی مەدەنی ودیموکراسی، چونکە هاولاتی مومارەسەی یەکیك لەمافە سەرەتاییەکانی خۆی دەکات، بە هەلبژاردنی ئەو کەس و لایەنەی کە گوزارشت لە ماف و حەزو ئازادییەکانی دەکات، هەربۆیە هەلبژاردن بایەخیکی کەم وینەی هەیە لەژیانی گەلاندا ئەوەی کە لیرەدا دەمانەویت ئاماژەی پیبدەین ئەوەیە : کە هەرکەس و لایەنیك دەیەویت ببیتە براوەی هەلبژاردن پیویستە بزانیت کە پرۆسەی هەلبژاردن لە سەر سێ بنەمای سەرەکی پیك دیت، ئەویش ئەمانەن: یەکەم: **چۆنیەتی** دەستنیشانکردنی کاندید، دووەم: پلانیکی ستراتیژی، سێ یەم: تەمویل کردن یان تەرخان کردنی بودجەیەکی پیویست بۆ بەریوەبردنی پرۆسەکە.

جیَگای ئاماژە پیدانە کە ئەم سیَ بنەمایە بریتین لە ریساو بنچینەکانی هەلبژاردنیکی تەندروست، وە پەیرەوکردنیان لەلایەن هەرکەس و لایەنیکەوە بیت دەبیتە هۆی سەرکەوتن و بردنەوەی ئەو کەس و لایەنە لە هەلبژراردن. چونکە بەراستی تەنها نیاز پاکی و هەست وشعوری جوان بەس نی یە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، بەلکو پیویستی بە چەند مەرجیکی بنەرەتی هەیە بۆمسۆگەرکردنی ئەم سەرکەوتنە.

### یەکەم: چۆنیەتی دەستنیشانکردنی کاندید:

بیَگومان هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان کاندید دەکەن بەنیازی سەرکەتن و بردنەوەی کورسی پەرلەمان یان پاریزگا بەشداری ناکەن، بەلکو هەیانە سوردەزانیت ئەو شایەنی ئەم شوینە نیە ، بەلام خۆشی هەر کاندید دەکات، وە

لیرەدا **پرسیاردەکرێ** ئاخۆ ئەبیت مەبەستی ئەم کەسانە چی بیت؟ لە وەلامدا دەلێین هەیانە تەنیا بۆ ناوبانگ دەرکردن خۆی کاندید دەکات، وە هەیانە بۆ بلاوبوونی دەنگەکان و بەرتەسکردنەوەی مافی کاندیدیکیترە، بۆئەوەی لە قەبارەی دەنگەکانی کەم بکاتەوە، هەیانە دەیەویت ئەم هەلبژاردنە بکاتە راهینانیك بو خۆ ئامادەکردن بۆ هەلبژاردنیکیتر، وە هەشیانە بەراستی بە نیازی سەرکەوتنە و ئامانجی بەدەستهینانی کورسییە، ئینجا پەرلەمان بیت یان ئەنجومەنی پاریزگا.

**ئەو تایبەتمەندییانەی کە کاندید دەبێت لەخۆیدا ببینێتەوە:**

**1**ـ دەبیت کەسیکی ناسراو بیت لەو ناوچەیەی کە خۆی تیدا کاندید کردووە، هەروەها لەو فەرمانگەیەی کە کاری تیدا دەکات، چونکە بەراستی کاریکی نالۆژیکیە کە کەسیك پالیوراو بیت، بەلام دەوروبەرەکەی هیچ شتیك دەربارەی نەزانن.

2-پێویستە یەکەم جار پشتیوانی کەسە نزیکەکانی خۆی بەدەست بینیت، لە ئەندامانی خیزانەکەی وەهەروەها لەخزمەکانی و پاشان هاوریکانی، چونکە ئەوان دەبن بەیەکەم پالپشتی بەهیز بۆ ئەو، وە ئەگەر ئەوان پشتیوانی لینەکەن ئەوە کاریکی مەحالی هەلبژاردووە.

3- ئەبیت خاوەنی تەندروستیەکی باش بیت، وە بتوانی بەگورج وگۆلی بجولێتەوەو کەسیکی چالاك و وریا بێت و توانای هاوسۆزی و دروستکردنی پەیوەندی هەبیت لەگەل خەلکیدا بۆ ئەوەی بتوانی گوزارشت لە خۆی بکات.

4-دەبیت کەسیکی سەنگین بیت و قورسایی خۆی هەبیت، وەخەلکی ریزی بگرن، بەشیوەیەك کە متمانەی تەواوی بەخۆی هەبیت ، چونکە لەوانەیة رووبەرووی پرسیاری بیزارکەر ببیتەوە لە لایەن خەلکیەوە.

5-پیویستە زوو هەلنەچیت و بتوانی میزاج و تورەبوونی خۆی کۆنترۆل بکات، وە دوور کەویتەوە لە کاردانەوە.

6-پیویستە کەسیکی خاکی بیت و توانای مامەلەی هەبیت لەگەل هەموو چین و تویژەکانی کۆمەلدا.

7-پیویستە زانیاری تەواوی کۆکردبیتەوە لەسەر بارودوخ و سروشتی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دەڤەرەکەی خۆی.

8- پیویستە زانیاری لەسەر دەستورو یاساکانی دەولەت و سیاسەتی گشتی ولات وباروادۆخی ئابوری ولات کۆکردبیتەوە.

9-پیویستە زانیاری لەسەر سیاسەتی دەرەوەو هەروەها سیاسەتی هەریمی و نیودەلەتی هەبیت،بەشیوەیەك ئاگای لەوردو درشتی هەموو ئەو رووداوە گرنگانە بیت کە رۆژانە لە جیهان روودەدەن،چونکە ناکریت ئاگای لەوە نەبیت کە لە جیهاندا چی دەگوزەرێ.

10- پیویستە گفتوگۆ کەریکی باش بیَت، بتوانی بە قسەکانی کاریگەری لە سەر خەلك دروست بكات. هەروەها دەبیَ بزانی کەی قسەدەکات و کەی گوی دەگریت.

11- پیویستە نەنگی و عەیبی کەسانی تر دەرنەخات، بەلکو هەمیشە جەخت لە تواناکانی خۆی بكاتەوە بۆ مونافسەکردنی کاندیدەکانی تر.

12- پیویستە خالە بەهیزو لاوازەکانی خۆی دیاری بكات و خالە لاوازەکان چاك بكات و خالە بەهیزەکانیش پەرە پیبدات پیش ئەوەی بچیتە ناو پرۆسەی هەلبژاردن.

13- پیویستە زانیاری لەسەر کاندیدە مونافیسەکانی هەبیت، پیویستە بزانیت ئەوان کین؟ وە چۆن بیر دەکەنەوە، وە خالی جیاوازی نیوان ئەو مونافیسەکانی تر چین، وە پیویستە بزانیت ئەوان چییان پیشکەش کردووە بە خەلك. وە پیویستە خالی لاوازو بە هیزیان دەست نیشان بكات.

**دووەم: پلانی ستراتیژی:** مەبەستمان لە پلانی ستراتیژی ئەو شیوازەیە کە پیویستە بانگەشەی هەلبژاردن لەسەری بروات، وە هەروەها لەهەموو ئەو هەنگاوو خالانە پیك دیت، کە پیویستە کاندید بیکاتە مەنهەجی بانگەشە بۆخۆی. کە دەتوانین لەم خالانەی خوارەوەدا چریان بکەینەوە:

1- دوورکەوتنەوە لە بەلێنی زیادەرۆ.
2- دانانی بەرنامەیەکی رۆشن بۆ کاندید، کە هەموو هەنگاوو چالاکیەکانی بگریتە خۆ بەئامانجی سەرکەوتنی لە پرۆسەی هەلبژاردن.
3- ئەگەرهاتوو رکابەرەکانی بەلینی درۆزنانەیان دابوو بەخەلك، وە زیادەرۆییان کردبوو لە هەندیَك بەلَیَندا، ئەو کاندیدة سەرکەوتوو نابیت، چونکە ئەمرۆ خەلکی وشیارن و بروا بە بەلینی درۆ ناکەن.
4- پیَویستە کاندید چەند دروشمیَکی هەبیَت بۆ بانگەشەی هەلَبژاردنەکەی، کە پیَویستە دروشمی جوان و کورت و پوخت و نموونەیی بن، بەشیَوەیەك کە بتوانیَت بە ئاسانی لەبەریان بکات و لەبیری نەچنەوە، بۆیە واباشترە کە ئەم

دروشمانە سەرنج راكیش و مۆسیقی بن، وە لەهەمان كاتدا دەبیت دروشمەكان واقعی بن و خەیالی نەبن.

5- بۆ ئەوەی كاندید ئەم خالانەی پێشوو بهێنێتەدی پێویستە لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا چەند دەستەیەكی بەرێوەبردن پێك بهێنیت، **بەپێی** ئەزمون و تایبەتمەندی ئەو كەسانەی كە بانگەشەی بۆ دەكەن، وە ئەم دەستانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ-بەریوەبەریتی پەیوەندیە گشتیەكان

ب- بەریوەبەریتی راویژكاری- سكرتاریەت.

ج- بەریوەبەریتی مالیەو بودجە.

د-بەریوەبەریتی راگەیاندن.

ه – بەرێوەبەرایە تی یاسایی.

أ- دەستەیەك بۆ بەریوەبردنی پەیوەندیە گشتیەكان: پیویستە ئەم دەستەیە بەریوەبەریكی چالاكی هەبیت، وە دەبیت كۆمەلیك هەلسوراوی بەتوانا هەلبژیریت كە جیگای متمانە بن، وە كەسانی شارەزاو ئەزموندار بن، پیویستە پشتگیری كاندید بكریت بە پیدانی هەموو ئەو زانیاریانەی كە پیویستی پییان هەیە بۆ بانگەشەی هەلبژاردن لە كاتی هەلمەتی بانگەشەی هەلبژاردندا، بۆنموونە زانیاری دەربارەی تایبەتمەندیتی ئابوری و كۆمەلایەتی و هەموو ئەو شتانەی كاریگەری دروست دەكەن، وە هەروەها زانیاری دەربارەی ژمارەی كاندیدە ركابەرەكانی، وە ناوەكانیان وە هەموو ئەو زانیاریانەی پەیوەندیدارە پییانەوە. واتە ئەم بەرپرسیارە لە دروست كردنی قاعیدەیەكی زانیاری كە پشتوان و ریچكەی كاندید بەهیزدەكات لە بانگەشەی هەلبژاردندا، دانانی خشتەیەك بۆ سەردانكردن: پیویستە ئەم دەستەیە خشتەیەك دابنیت بۆ سەردان كردن، ئینجا ئەم سەردانانە سەردانی مەیدانی بن بۆناو بازار و شوینی كار یان سەردانی تاك تاكەی خیزانەكان بن، دیارە ئامانج لەو سەردانانە بوونی كاندیدە لە هەموو ئەو شوینانە پیویستە كاندید ئاگادار بكریتەوە لەهەموو مەراسیمە كۆمەلایەتیە ئاینی و رۆشنبیریەكان بۆ بەشداری كردن تیایدا. پێویستە وینەیەكی جوانی كاندید دیاری بكریت و بكریتە پۆستەرو لە بازارو شوینە گشتیەكان هەلبواسریت، چونكە وینەكەی دەبیتە بەلگە لەسەر كەسایەتیەكەی،وە پیویستە ئەم لیژنەیە خشتەیەك دابنیت بۆ زنجیرەیەك كۆرو سیمینار كە دەبیت كاندید ئەنجامیان بدات بو دەنگ دەرانی ناوچەكەی خۆی.

ب- دەستەی راویژکاری: ئەو گروپە بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر راگرتنی بالانس پەیوەندی نیوان تاکەکانی بانگەشەی هەلبژاردن،وە هەروەها لە نیوان بەریوەبەری هەلمەتی بانگەشەکەو کاندید،وە هەروەها پیویستە پەراویکی پیبیت بۆ تومارکردنی هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لە دوتویی بانگەشەی هەلبژاردندا ئەنجام دەدرین، وە دەبَیت ئەرشیفیك دابنیَت بۆ هەلَگرتنی کۆنوسی تەواوی ئەو چالاکی و کۆبوونەوانە.

ج- دەستەی راگەیاندن:

ئەو دەستەیە هەلدەستیت بە پیکهینانی جەند گروپیك لە هەلسوراوی شارەزاو بە ئەزموون لەو بوارەدا، بۆ بلاو بوونەوەیان بە هەموو ناوچەکانی دەڤەرەکە بۆ بلاوکردنەوەو بانگەشەکردن بۆ کاندیدەکەیان، وە ئەو گروپانە ریکلام بۆ کاندید دەکەن بە هەلواسینی وینەکانی یان نوسینی وتار لە رۆژنامە یان لیدوان لە گۆڤارو رۆژنامەکان، وە پیویستە ئەم گروپە لەسەر هیلەکانی ئینتەرنیت بانگەشە بۆ کاندیدەکەیان بکەن، دەکریت لە فیس بووك یان سایتەکان یان پەیجەکان ریکلامی بۆبکریت. بۆ ناساندنی کاندید و دەرخستنی تواناکانی بو بەدەست هینانی دەنگی جەماوەر. وە دەکریت ئەم گروپە هەلسیَت بە تومارکردنی بانگەشە بۆ کاندید لە سەرسیدی یان نامیلکة یان بلاوکراوەی تایبەت بەهەلبژاردن کە قەبارەیان بچوکە، دەکریت هەموو ئەمانە لەسەر کاندید ئەنجام بدەن و بلاوی بکەنەوە بە سەر جەماوەردا.

سێ یەم: تەمویل کردن:

بیگومان پرۆسەی هەلبژاردن و هەلمەتی بانگەشە پیویستی بە بودجەیەکی گەورە هەیە، وە کو هەر پرۆژەیەکی دیکة ، چونکە هەلبژاردن لەم سێ رەگەزە بنچینەیە پیك دیت، ئەگەر هەریەکیك لەوانە کەموکوری تیدابوو، ئەوا بۆی هەیە یرۆسەکە سەرکەوتن بەدەست نەهینیت، بۆنمونە دانانی پلانیکی ستراتیژی تۆکمەو تەواو، وە دابین کردنی بودجەیەکی شیاو لەگەل کاندیدیکی لاوازدا بیگومان لایەنەکە سەرکەوتن بەدەست ناهینیت، وە ئاکامی خراپی لیدەکەویتەوە، وە هەروەها ئەگەر کاندید کەسیکی زۆر بەتواناو لیهاتوو بیت وە پلانیکی باش هەبی و پەیرەو بکریت، بەلام بودجەکە کەموکوری تیدابوو ، دیسان فەشەل دینیت. بۆیە پیویستە هەموو

شتيك وةكو خۆی مافی خۆی پيبدريت، پيويستەی دەستەی تەمويل كردن ئەم كارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

1-دانانی بودجەيەكی شياو پيش دەسپيكی هەلمەتی بانگەشە كردن.
2--دياری كردنی شيوازی خەرج كردنی پارە و دانانی پلانيكی گونجاو بۆی.
3-. دابين كردنی هەموو كەرەسەو پيداويستەكانی ناو گروپەكانی هەلبژاردن.
4- دانانی پەراويك بۆ نوسينی هەموو خەرجيەكانی تيچونی هەلمەتی بانگەشەكردن

لە كۆتايدا پيويستە ئەوە بليين كە ئەمانە ررونكردنەوەيەكی كورتی ئەم سی بنەما ئەساسيەی هەلبژاردنن، كە پيويستە هەموو گروپيكی ركابەر لە هەلبژاردن پەيرەوی بكات ئەگەر بەنيازی مسۆگەركردنی بردنەوەيە لەو هەلبژاردنەدا.

## بەشی سێیەم: هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە

### پێناسەکان و مانای هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

### هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە :

**ئەو پرۆگرامە ئاگادارییە پلاندارێژراوە دیاریکراوەیە لەلایەن ئەوەی ئاگادارییەکە بلاّودەکاتەوە بۆ بەکارهێنەران و بەئامانج کراوەکانی ئێستا و چاوەڕوانکەران. بریتییە لە کۆمەڵێ پرۆسەی هەوڵ بۆ دراو بۆ بەدیهێنانی مەبەستی دیاریکراو. هەوڵ دەدات ئامانجی پەیوەندی پێوەکردن بەدی بهێنێ لەمیانەی کۆمەڵێك هەوڵی دارێژراو بۆ کارلێکردن لە هەڵسوکەوتی تاکەکان بەکاردەهێنرێت.**

**هەڵمەتەکانی ئاگادارکردنەوە: زنجیرە ئاگادارییەکی جیاوازە یاخود تەنها یەك ئاگادارییە یاخود زیاتر لە یەکێك کە لە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە ئەنجامدەدرێت هەر هەموویان یەك ئامانج کۆیان دەکاتەوە و مەبەستیان جەماوەرێکی دیاریکراوە لە ماوەیەکی زەمەنیدا**

ڕەنگە درێژ بێت یان کورت بێت بەپێی ئامانجی کۆمپانیایەکە کە هەڵمەتەکە ئەنجامدەدات.

دەتوانرێت پێناسەی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە بکرێت کەوا: کۆمەڵێك هەوڵی ئاگادارکردنەوەیە تایبەتە بە کاڵایەك یاخود خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو لەماوەیەکی دیاریکراو دا. کە بریتییە لە چەند نامەیەکی ئاگادارکردنەوە پەیوەستە بە بابەتێکەوە یاخود بە بیرۆکەیەکی هاوبەشەوە لەرێگای ئامرازی ئاگادارکردنەوەوە ئاراستە دەکرێت.

## تایبەتمەندییەکانی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

## هەڵمەتی ئاگاداری کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هەیە ، لەوانەش:

1- جەختکردنەوە لەسەرخستنەرووی (عرضکردن) و ئامادەکردنی داوای بانگەشەکە: لێرەدا هەڵمەتەکە هەڵدەستێت بەئامادەکردن و خستنەروو ئەنجامدانی چەند بانگەشەیەك و ئاگادارکردنەوەیەك لەماوەیەکی دیاریکراو کە تەرخانکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵمەتە تایبەتەوە.

2- بڵاوکردنەوەی هەڵمەتەکە لە رێگای زیاتر لە دەزگایەکی راگەیاندنەوە، بۆ ئەوەی سنورێکی جوگرافی زیاتر و بەرفراوانتر بگرێتەوە.

3- گەیاندنی هەڵمەتەکە بۆ کەسانی مەبەستدار، چونکە هەڵمەتەکە خۆی لە خۆیدا جەخت لەسەرچینێکی دیاریکراو یاخود چەند چینێکی بەکاربەر دەکاتەوە.

4- هەمیشە هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، رەنگە ساڵێك یان زیاتر بخایەنێت.

## ئامانجەکانی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

**هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە کۆمەڵێك ئامانجی هەیە لەوانەش:**

- دروستکردنی داواکاری لەسەر کاڵایەکی دیاریکراو لە قۆناغی بەرایی و دواتریش زیاتر رەواج پێدانی.

- هەوڵدان بۆ ئەوەی تا ماوەیەکی درەنگتر داواکاری و خواستی لەسەر هەبێت، ئەمەش لەرێگای چەند هاندانێکەوە و زیاتر سەرنجراکێشانی کالأکە و ئیبرازکردنی.

- کردنەوەی دەرگایەکی نوێ لەمیانەی بازارەکانەوە کە پێشتر و بەر لە هەبوونی هەڵمەتەکە نەبوونە.

- هەڵمەتەکانی ئاگادارکردنەوە ئامانجیان ناساندنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییە نوێیەکانە یان ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشتر هەبوون.

- پتەوکردن و چەسپاندنی وێنەی کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان لە مێشکی کۆمەڵگادا.

- دوایین ئامانجی ئەوەیە هەوڵبدات زیاتر و زۆرترین بفرۆشرێت.

## شێوازەکانی پلاندانانی هەڵمەتەکانی ئاگادارکردنەوە:

پێویستە لەسەر ئەوانەی راسپێردراون بۆ ئەوەی هەڵمەتەکانی ئاگادارکردنەوە دارێژن و پلانی بۆ دابنێن لەسەرەتادا رێنمایی جەماوەر بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاگادارکردنەوە کە پێشتر راگەیێنراون: ئەمەش بە چەند شێوازێك دەبێت لەوانەش:

أ- شێوازی پلانی بەردەوام: بەپێی ئەم شێوازە نامەی ئاگادارکردنەوە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بە درێژایی کاتی هەڵمەتەکە. لەوانەیە نامەی ئاگادارکردنەوەکە یەکێك بێت و لەو ماوەیەدا نەگۆردرێت، یان رەنگە هەڵمەتەکە بریتی بێت لە کۆمەڵێك نامە هەریەکە و بۆ شتێکی دیاریکراو بێت، ئەو شێوازەش بۆ ئەو کالأیانە دەست دەدات کە جەماوەرەکە هەمووی بگرێتەوەو هەموو تاخم و توێژەکانی کۆمەڵیش دەگرێتەوە واتا جەماوەرەکەی گشتییە.

ب- شێوازی پلانی بەشکراو: ئەم شێوازە زیاتر بۆ کۆمپانیایەکان دەست دەدات، کە مانای کەرتی بازار بەکاردێنێ و لە ئامانجێك زیاتر بەدی دەهێنێ لە هەمان ماوەدا، وە بەکاربەرەکانیشی دەتوانرێ بەسەر چەند تاخمی جیاوازدا دابەشبکرێت، بەجۆرێك هەر تاخمێك یان کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی دەبێت و زۆرجاریش ئەو بەکاربەرانە بەرژەوەندی هاوبەشیان دەبێت.

ج - شێوازی پلانی تەواو: ئەم شێوازە لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێت کەوا کۆمەڵێك بیرۆکە لە ئارادایە، هەر بیرۆکەیەك کار بۆ بەدیهێنانی بەشێك لە ئامانجەکە دەکات یان هەر بیرۆکەیەك لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی هەڵمەتەکە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە دەکات، بەلأم لە کۆتاییدا هەموویان لەچوارچێوەی ئامانجە گشتییەکە دەرناچن کە هەڵمەتەکە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، واتا هەموویان دەچنە ناو چوارچێوەی یەك ئامانجەوە، دواتریش ئامانجە گشتییەکە دابەشدەکرێت بەسەر چەند ئامانجێکی لاوەکی (جوزئی)، بەواتای ئەوەی کۆمەڵێك نامەی ئاگادارکردنەوە هەبێت و هەر نامەیەك بیرۆکەیەکی دیاریکراوی هەبێت، جۆری هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ هەر یەکێکیان جیاوازە لەویدیکە، وە هەمووشیان لە کۆتاییدا بەیەکەوە بەشێوەیەکی دەستە جەمعی ئامانجی هەڵمەتەکە دەهێننەدی.

## مەرجەکانی دەستپێکردن بە هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

چەندین مەرج هەیە دەبێت لە هەڵمەتی ئاگادارکردنەوەدا رەچاو بکرێت لەوانەش:

1- بوونی ئامێری کارگێری و تەکنیکی شارەزا لە پرۆسەکانی ئاگادارکردنەوەدا.

2- رێکخستنێکی روون و ورد هەبێت لەناو پسپۆرییەکاندا.

3- بوونی توانا دارایی و مرۆییەکان بە گوێرەی پێویست.

4- بوونی سیستەمی بەدواداچوون بۆ هەڵمەتی ئاگاداری.

5- بوونی پێوەر و سیستەمی هەڵسەنگاندن تا رادەی کاریگەری و توانای هەڵمەتەکە بزانرێ.

## هەنگاوە بنەرەتییەکان بۆ پلاندانانی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

هەر پرۆسەیەکی پلاندانان لەهەر بوارێکدا پشت بە کۆمەڵێك هەنگاو دەبەستێت کە دەبێت پێیەوە پابەند بین لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پلانەدا :

1- ئامانج: مەبەست لە ئاگادارکردنەوە: بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی بریارەکان بەپێی پلانی دانراو مسۆگەر بێت، هەروەها تاکو بتوانین بەشێوەیەکی ورد چاودێری پرۆسەی پلاندانانی هەڵمەتی ئاگادارییەکە بین دەبێت هەر لە سەرەتاوە ئەوە روونبکرێتەوە ئەو

تاخمە جەماوەرە کێن کە دەبێت پێیان بگەین، لەرێگای هەڵمەتی ئاگادارکردنەوەوە. تاکو بتوانین ئەو تاخمە دیاری بکەین و هەموو زانیارییەکیان لەبارەوە بزانین وەکو ( لە چ تەمەنێکدان، رەگەزییان، دەستکەوتیان، پیشەیان،) کە پشت بە سروشتی ئەو کەلوپەلەوە دەبەستێت کە دەمانەوێت ئیعلانی بۆ بکەین.

2- هەڵسەنگاندنی دەرفەتی بانگەشە: لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی پلاندانانی هەڵمەتی بانگەشە پێویستە لەسەر بانگەشەکار بریاربدات و ئەوە دیاری بکات ئایا ئاگاداری رۆڵ دەبینێت لەبواری بازارکردنی دیاریکراو؟ لێکۆڵەران وای دەبینن کەوا کۆمەڵێك مەرج هەیە دەرفەت بۆ بانگەشە دەرەخسێنێت کە ئەمانەن:

یەکەم: بوونی داوایەکی بەرایی ئومێد بەخش بەشێوەیەکی دیار و مسۆگەر.

دووەم: دەبێت ئەگەرێکی گەورە هەبێت بۆ جیاکردنەوەی کالاًکە لە کالاًیەکی مونافس.

سێیەم: دەبێت کالاًکە خەسڵەت و سوودی هەبێت ویستی بەکاربەر بەدیبهێنێ.

چوارەم: پاڵپێوەنەری سۆزداری بەهێزی کرین هەبێت.

پێنجەم: لەکۆتاییشدا سەرمایەی پێویست هەبێت بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی بانگەشەی ناوازە و گونجاو.

3- شیکردنەوەی بازارەکە: دیاریکردنی بازارێکی مەبەستدار بۆ ساغکردنەوەی کالاًکە بریارێکی گرنگە، لەکاتی زانینی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی بەکارهێنەرو پاڵپێوەنەرەکانیان بۆ کرین و سروشت و توانای کالاًکە کە لە کێبرکێدایە، ئینجا پرۆسەی پلاندانانی هەڵمەتی بانگەشە دەست پێدەکات تاکو بگەینە بەکارهێنەرو بتوانین کاریگەری لێبکەین، وە دەبێت خاڵی لاوازی کێبرکێ کەرانی خۆمان بزانین (یانی ئەو کەسەی یان ئەو تاقمەی هەمان کالاًی ئێمەیان هەیە و دەیانەوێت ساغی بکەنەوە) بەمەبەستی بەدێهێنانی ئامانجی مەبەستدار کە ساغکردنەوەی رێژەیەکی زۆری کالاًکانە.

4- دیاریکردنی ئامانجی بانگەشە: دیاریکردنی ئامانجی بانگەشە لەبەر رۆشنایی ئامانجە بازارییەکاندا دەکرێت، دەبێت ئەو ئامانجانە روون بن و ورد بن راستەوخۆ بتوانرێت پێوانە بکرێت. هەر ئەوەندە بەس نییە بەڵکو دەبێت بانگەشەکار ئامانجەکانی هەڵمەتی بانگەشەکەی ئاشکرا بکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ هەر قۆناغێکی پێکهێنانی

**هەڵمەتی بانگەشەکە، وەکو دیاریکردنی ئامانجی نامەی بانگەشەکە و دیاریکردنی ئامانجی ستراتیژی هەڵبژاردنی ئامرازی بانگەشە.**

**5- دیاریکردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ هەڵمەتی بانگەشەکە دانراوە: لەسەرەتادا دەبێت بزانین چەند پارە بۆ هەڵمەتەکە دانراوە، دەبێت ئەو پارەیەش بەسەر قۆناغەکانی جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە دابەشبکرێت. هەموو مانگێك یاخود وەرزێك یان هەموو ساڵەکە. بودجەی هەڵمەتی بانگەشە زۆرجار پەیوەستە بەکاتەوە (وقت). بەلاَم دەبێت بەردەوام پێداچوونەوەی بۆ بکرێت لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکان لە ژینگەی بازارکردنەوە.**

**6- هەڵبژاردنی ئامرازی ئاگادارکردنەوە: دیاریکردنی ئامرازو رێگاکانی ئاگادارکردنەوەی گونجاو لەسەر ئەوە پێکدێت کامیان باشترن لە نێوان چەند رێگایەکدا بەمەبەستی گەیشتن بەو جەماوەرەی کە هەڵمەتەکە مەبەستییەتی.**

**7- نەخشەدانانی پەیامی ئاگادارکردنەوە: ئەوە یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە، چونکە گەلێك گۆڕانکاری کاریگەرانە هەیە لەسەر شێوەی نامەی ئاگادارکردنەوە هەروەها چەشنی جەماوەرەکە کە ئاگادارییەکە رووی لەوە هەروەها و سروشتی کەلوپەلەکەش.**

**8- هەماهەنگی لەنێوان بانگەشە و سیستەمی بەبازارکردن و خستنەرووی دیکەوە: پشتگیری کەناڵەکانی پێدا هەڵدانی دیکە بۆ بانگەشە بەشێوەیەکی کاریگەر ئامانجەکان بەدی دێنێ، هەروەها بەرپرسیارێتی دابینکردنی وەکو ئەم یارمەتییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی یان ئەو لایەنەی کە بانگەشەکە دەکات، بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی بەرنامەی بانگەشە ئەوا چالاکییەکانی بەرهەمهێنان و وەرگرتن و عەمبارکردن دەبێت بەشێك بێت لە پلانی بانگەشە، بانگەشە لە بۆشاییدا کار ناکات، بەڵکو سەرکەوتنی لەسەر پلەی تێکەڵبوونی لەگەڵ سیستەمی بازاری و دابەشکردن لە کۆمپانیاکە یان دامەزراوەکە بەندە.**

**9- خەملاَندنی کاتی گونجاو بۆ دەستپێکردن و جێبەجێکردنی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە: بەوەی کە پەیوەندی هەیە بەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی هەندێ**

کەلوپەل پەیوەستە بە وەرزی دیاریکراوەوە هەیە پەیوەستە بە بۆنەکانەوە هەشە پەیوەستە بە کریار بەدرێژایی ساڵ پێویستی پێیەتی.

## ئەو داتاو زانیارییانەی کە دەبێت لێیان بکۆڵرێتەوە بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە:

دەتوانین جۆرەکانی داتا و زانیارییە پێویستییەکان دیاریبکەین بۆ پلاندانانی ئاگاداری یاخود هەڵمەتی ئاگاداری وەکو ئەمەی خوارەوە:

1- داتاکان لەبارەی بەکارهێنەر:

یەکەم: هۆکارەکانی کرین و ئەو ئارەزووانەی کە بەکارهێنەر هەوڵی تێربوونی دەکات کە کالاَیەکی دیاریکراو بەکاردەبات.

دووەم: داتاکان سەبارەت بە جۆرەکان و کلتوری شت کرین ( بەکارێنەر چۆن کالاَ دەکری و لە کوێ دەیکری و کەی دەیکری...هتد)

سێیەم: دەبێت زانیاری لەبارەی بەکارهێنەرەوە بزانرێت لۆکاڵییە یان ئەهلی یان نێودەوڵەتی، تاکو بتوانرێت جوگرافیای شوێنی ئاگادارکردنەوەکە دیاریبکرێت.

چوارەم: هەروەها دەبێت تەمەن و رەگەزو باری کۆمەلاَیەتی و پلەی خوێندەواری و ئاستی رۆشنبیری و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی دەستکەوتیان بزانرێت.

2- ئەو داتایانەی کە پەیوەستن بە باری بازارکردنەوە:

ئەوەش کۆمەڵێ داتان پەیوەستن بەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکرێت چالاکی بازارکردن بەشێوەیەکی گشتی و چالاکی ئاگادارکردنەوە بەتایبەتی، نموونەی ئەو داتایانە ئەمانەن:

یەکەم: قەبارەی داواکردن لەبازاردا و ئاراستەکانی:

زانینی قەبارەی داواکاری لەبازاری ئێستادا و بەراوردکردنی بەو توانایانەی لە بازارەکەدا هەیە دەتوانرێت بواری بازارکردن بزانرێ چەندە بۆ کۆمپانیاکە بەمەبەستی وەبەرهێنان و سوود لێوەرگرتنیدا.

دووەم: بەشی کۆمپانیاکە لە بازارەکە و زانینی بەشی کۆمپانیا لەوەی فرۆشراوە ئەوە روونکردنەوە دەداتە ئەوەی ئاگادارییەکە دەکات باری کێبرکێ ئاشکرا دەکات وە

بەشێوەیەکی گەورە خزمەتی پلانی ئاگاداری دەکات و هەڵمەتە ئاگادارییەکە چڕتر دەکاتەوە.

سێیەم: ئەو داتایانەی کێبرکێ دەکەن و ستراتیژییەکەیان:

زانینی پلانی ئەوانەی کێبرکێ دەکەن (منافسین) سەبارەت بە چالاکی ئاگادارکردنەوەیان ماوە و بوار بە ککۆمپانیاکە دەدات لەکاتی پلاندانانی هەڵمەتی ئاگادارکردنەوە تیبینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەم پلانە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بنکەیەکی کێبرکێ بەدی بهێنێ چ ئەوەی کە پەیوەندی بە بیرۆکەی ئاگادارییەوە هەیە یان ئەوەی کە پەیوەندی بە ئامرازی ئاگادارکردنەوەوە هەیە.

-3 داتاکان ئەوانەی پەیوەندییان بەو کالآیانەوە هەیە کە ئاگادارییەکەیان بۆ کراوە:

لەو داتایانەش:

یەکەم: خەسڵەتەکانی ئەو کالآیەی ئاگاداری بۆ دەکرێت لەبارەی قەبارە و فۆرم و چۆنیەتی کەلەو جۆرە پێشکەشدەکرێت.

دووەم: هۆکارەکانی راکێشان کە کالآکە هەیەتی لەرووی باشی و پتەوی و بەکارهێنان و رووماڵکردنی جوگرافی و ناوە بازرگانییەکەیەوە.

سێیەم: ئەو قۆناغەی کالآکە پێیدا تێپەر دەبێت لە ژیانیدا کالآکان بەگوێرەی قۆناغە جیاجیاکانییەوە جیاوازییان هەیە (پێشکەشکردن، گەشەکردن، پێگەیشتن، دابەزین) ئەمانە بۆ دیاریکردنی ئاگاداری گونجاو سوودیان دەبێت کە لە میانەی هەڵمەتەکەوە پێشکەش دەکرێت.

جا چ ئاگاداری فێرکردن بێت یان بازرگانی یاخود وەبیرهێنانەوە بێت.

چوارەم: کالآی (منافس) و خەسڵەتەکانی ئەمەش سوودەکەی لەوەدایە بۆ زانینی هەر کام لەو خالآنە لە ئاگادارییەکاندا جەختی لەسەر دەکرێت لە هەڵمەتی ئاگادارکردنەوەدا.

پێنجەم: کاریگەری سۆزداری بۆ کالآ لەرووی پەیوەندی کالآکەوە بە ئارەزو و سۆزەوە وەکو لایەنی جوانییەکەی و ئەوەی لە رووی ئارەزووە وە دەیوروژێنێ بۆ خاوەنداریێتی (الملکیە) و بەدواداگەران و ترس.

شەشەم: کاریگەری هەستی کاڵاکە: لەرووی پەیوەندییەوە بە یەکێ هەندێ لە پێنج هەستەکەوە کە لەلای مرۆڤ هەن ( تەماشاکردن، دەستلێدان، بۆنکردن، تامکردن، بیستن) بینین بۆ ناسینی کاڵاکە و لایەنە جیاوازەکانی دەستلێدان لایەنی نەرمی کاڵاکە و ناسکی دەردەخات وەکو جل و بەرگ و پێڵاو جۆری ئەو ماددەی کە لێی دروستکراوە نیشاندەدات. هەستی بۆنکردن لەهەندێ کاڵادا بەسوودە وەکو ئەوانەی بۆ جوانکاری بەکاردەبرێن، تامکردن بۆ خواردنەکان. بیستن لەکاڵای دەنگی وەکو ریکۆردی مۆسیقا. تامکردن پەیوەستە بە کاڵاکانی خواردەمەنییەوە.

4- ئەو داتایانەی پەیوەستن بە ئامرازەکانی ئاگادارییەوە: لەو کێشە گرنگانەی کە دێنە رێگای پرۆسەی پلاندانانی ئاگادارییەکە هەڵبژاردنی ئامرازی ئاگادارییە کە بۆ بڵاوکردنەوە یان مەبەستی ئاگادارییەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. هەر ئامرازێکی راگەیاندن ( رادیۆ، تیڤی، یاخود سینەما، یان رۆژنامە) بێت سیفەت و خەسڵەتی جیاوازی هەیە لەوانی دیکە باشتر دەست دەدات بۆ بەکارهێنان لەحاڵەتی ئاگادارییەکاندا لەحالەتی ئاگادارییەکی دیکەدا. بۆیە دەبێت بەرپرسی پلاندانانی هەڵمەتی ئاگاداری داتای سەرەکی هەبێت لەبارەی ئامرازی ئاگادارییە جیاوازەکان، نرخی بڵاوکردنەوە، یان پیشاندانی بە ئامرازەکە، هەروەها جۆری جەماوەرەکە، کە ئامرازەکە رووی دەمی لێدەکات.

چەند قۆناغ و هەنگاو هەن بۆ هەڵبژاردنی ئامرازی ئاگاداری گونجاو بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکە، کە ئەمانەن:

- هەڵبژاردنی جۆری ئامرازەکە کە بە نیازین بەکاری بهێنین ( ئامرازی ئاگاداری) ئەوەش پشت دەبەستێت بە سروشتی کاڵاکە و بەجۆری کاڵاکە و ئەو جەماوەرەی ئاگادارییەکەی بۆ دەکرێت.
- هەڵبژاردنی جێگرەوەی گونجاو لەجۆری ئامرازە بەکارهێنراوەکە، دەبێت ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێ هەر لە سەرەتاوە ئامرازی ئاگادارکردنەوەکە دیاریبکرێت کە بۆ سروشتی کاڵاکە گونجاوترە لە هەمووی هەروەها سروشتی جەماوەرەکەش، دوای ئەوە ئەوەی ئاگادارکردنەوەکەی بۆ دەکرێت رووبەرووی هەڵبژاردن دەبێتەوە لەنێوان

**رۆژنامەیەك و رۆژنامەیەكی دیكەدا لە حاڵەتێكدا رۆژنامەمان هەڵبژارد وەكو ئامرازێكی ئاگاداركردنەوە، یان لە نێوان كەناڵێك و كەناڵێكی دیكەدا ئەگەر تەلەفزیۆنمان هەڵبژارد.**

**- دیاریكردنی قەبارە و درێژی شوێنی ئاگادارییەكە: ئەگەری خوێندنەوە یان بینینی ئاگادارییەكە بە جیاوازی قەبارە و درێژی و شوێنی ئاگادارییەكە دەگۆرێت. ( لاپەرەی یەكەم، یان لاپەرەی دواوە، لە رۆژنامەدا ). هەر چەند ئاگادارییەكەش درێژ بێت و قەبارەی گەورە بێت بۆ نموونە سەرنجی خوێنەر یان بینەر زیاتر رابكێشێت هەروەها قەبارە و درێژی و شوێنی ئاگادارییەكە دەگۆرێت بە جیاوازی سروشتی كاڵاكە و جۆری ئەو ئاگادارییەی كە بۆی كراوە.**

**- قەبارەی رومالەكە لەرووی كاتەوە یان دووبارە كردنەوەی: مەبەست لە رومالكردنی پێویست بۆ نامەی ئاگاداری رێژەی ئەو جەماوەرەیە كە نامەكەی تووش دەبێت، هەروەها دووبارە كردنەوە ئەو چەند جارەیە كە جەماوەر توشی نامە ئاگادارییەكە دەبێتەوە.**

**5- بودجەی هەڵمەتی ئاگادارییەكە: هەرچەند بری پارەی تەرخانكراو بۆ هەڵمەتی ئاگاداركردنەوەكە زۆر بێت ئەوەندە جولانەوەو حەیەوییەتی گەورەتر دەبێت لە هەڵبژاردنی ئامرازی ئاگاداركردنەوەی گونجاو چەندیش پارە تەرخانكراوەكە كەم بێت ئەوەندە بواری هەڵبژاردن تەسك دەبێتەوە لەبەردەم ئیعلان بۆ كراوەكە، دواتریش ئامانجەكە بە زەحمەتی بەدیدەهێنرێت، توانای ماددی بۆ ئیعلان بۆ كراوەكە قەبارەی بودجە دیاریكراوەكە بۆ هەڵمەتی ئاگاداركردنەوە دیاریدەكات. بودجەی ئاگاداری بەپێی كاڵاكە دەگۆردرێت چەند كاڵاكە نوێ بێت ئەوەندە خەرجی زۆرتر دەبێت بۆ پێشكەشكردنی كاڵاكە و ناساندنی بە بەكارهێنەر. وە خستنەرووی بە شێوەیەكی باشتر بە پێچەوانەشەوە ئەگەر كاڵاكە كۆن بوو دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی ئامرازی ئاگاداری بە بودجەوە كاریگەرە و دواتریش كار دەكاتە سەر بەدیهێنانی ئامانجی پرۆژەكە.**

**هۆكارەكانی سەركەوتنی هەڵمەتی ئاگاداری:**

دەبێت هەندێك رەگەزی گرنگ پەیدا ببێت كە كۆی ئەوانە پەیوەستن لەگەڵ یەكتردا كە بە هۆكارەكانی سەركەوتنی هەڵمەتی ئاگاداری دادەنرێن گرنگترینیان:

1- كالاَی باش: یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكان كە دەبێتە مایەی سەركەوتنی هەڵمەتی ئاگاداری ئەوەیە كالاَكە باش بێت، یانی بتوانێت ئەركەكانی بەجێ بهێنێ ئەو ئەركانەی كە لە پێناویدا بە بەرهەمهێنراوە لە رووی ئەوەوە وا هەڵگیرابێت گونجاو بێت بۆ پاراستنی ناوەرۆكەكەی لەكاتی گواستنەوەیدا یان لەكاتی عەمباركردنیدا و لەكاتی فرۆشتنیدا، لەرووی ناوی بازرگانیشەوە ئاسان بگوترێت و لەبیر بمێنێتەوە، بەخێرایی وە هەلگری مانایەك بێت لەرووی نرخەوە دەبێت گونجاوبێت لەلا یەن هەمووانەوە.

2- بەكاربەرە گونجاوەكان: هەڵبژاردنی بەكاربەری گونجاو بۆ كالاَكە و ئاراستەكردنی هەڵمەتی ئاگاداری بۆ بەكاربەر نهێنی سەركەوتنی هەڵمەتەكەیە، پلاندانەری هەلچمەتەكە دەبێت جیاوازی بكات لەنێوان بەكاربەری فعلی كالاَكە و بەكاربەری چاوەروانكراو.

3- زانیارییە راستەكان: لەهۆكارە گرنگەكانی سەركەوتنی هەڵمەتی ئاگاداری زانیاری راستییە لەبارەی كالاَكەوە بەشێوەیەك كاریگەری خۆی هەبێت كە لە پێناویدا داریژراوە و نوسراوە. هەروەها دەبێت خەسڵەتەكانی بەكاربەر لەبەر چاوبگێرێت لەگەڵ زانینی ئەو هۆكارانەی كە بوونەتە پاڵپێوەنەری بۆ كرینی كالاَكە.

4- رێگا گونجاوەكان: ئەنجامی ئاگاداریيەكە لەسەر ئەو قسانە راناوەستی كە لە ئاگاداریيەكەدا بەكار براوە. بەلاَم لەسەر ئەو رێگا و شێوازە بەندە كە قسەكەی پێ دەوترێت وەكو زاراوەی راستگۆیی و دڵسۆزی و شێوازێكی لۆجیكی و عەقلی وە بەكارهێنانی شێوازی دەروونی كە سۆز و روحی گاڵتەجاری دەورووژێنێ، هەروەها دەبێت رێگای گونجاو بەكاربهێنرێت بۆ داگیركردنی عەقلی بەكاربەرەكان (المستهلكین) تاكو كاردانەوەیان هەبێت و بەدەنگی ئاگاداریيەكەوە بچن لەبارێكی رەزامەندی دەروونی و عەقلیدابن.

5- كاتی گونجاو: كاتی هەڵمەتی ئاگاداركردنەوە كارێكە گرنگی خۆی هەیە بۆ نموونە دەبێ ئاگاداریيەكە ئاراستەی بەكارهێنراو بێ (مستهلك) بەكاربەر لە كاتێكدا هەست بە

**پێویست بوونی کاڵاکە دەکات کە ئاگاداری بۆ کراوە. وە کاتیش گونجاو دەبێت بۆ بەکاربەر تاکو بیکرێت. جیاوازی وەرزەکان کاریگەری گەورەی هەیە لە بەدیهێنانی مەبەستی ئاگادارییەکان.**

6- **شوێنی گونجاو: شوێنی گونجاو دەکرێتە دوو بەشەوە:**

**یەکەم/ ئەو ئامرازەی کە نامەی ئاگادارییەکە هەڵدەگرێت بۆ بەکاربەر.**

**دووەم/ ئەو شوێنەی کە کاڵاکەی تێدا دەفرۆشرێت دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو دابەشبکرێ تاکو بە ئاسانی بەبێ ماندوو بوون و پارە خەرج کردن دەستی بکەوێ.**